ئەوەی من دەیبینم و دەیخوێنمەوە، هەموو ڕۆژاوا و ئەمریکا و وەاتە پێشکەتووەکانی وەکو ژاپۆن و مالیزیاو ئەندەنووسیا، هەرچی دەیکەن، هەرچی دەیڵێن، بە پشت بەستنەوە، بە (لەکەینەوە). ئەوان (هەست و وێژدان و سەز و مەزاج) نازانن. دەن لە هەرچی ئەتە هەتە، لەکەینەوەی زانستیی دەکەن، دواتر پسپۆڕان، ئەو لەکەینەوانە لە سەردوبەژینگ دەدن، ئەوجا سەرگوە و بنبەژینگ و زیووان و خاپڕەکەکە لەک جیاواز دەکەنەوە. بە بەوای من لە کەی خەرمانی ئەو (٣٠) ساەدا، ئەمە دوو مشت سەرگومان نەچنیتەوە. کەواتە ئەوان بەهیچ جۆرێک ئامادەنین، هاریکاری و پەیمان و دەستایەتی کەسێک

بکەن کە لەسەر دەسپێکی نووسرابە (فاشیل). نەکەن بە شانۆگەری و نمایشکانیان هەڵخەڵتەن، من لە نزیکەوە لە گەڵیان دەژیم و تێیان دەگەم.
با بڵێن، سەر خاڵی دووەم: (هاووڵاتی عێراقی): کام عێراق؟ ئەو وڵاتەی لە هەرچی شتی ناشیرین و قێزەون هەیە یەکەمە. ئەو وڵاتەی کە پتر لە (٥٠٠) ساڵە خوێناویترین شۆڕەی تایفگەریی تێدا دەکرێ. ئەوەی ئەو سوونە و شیعە بەیەکیان کردووە، قەت هیچ خێر و هەز و نەتەوە و میللەتێک لەگەڵ یەکتریان نەکردووە. کارەساتکان باس ناکرێن. لە دیدی سوونەکاندا، تە پتر دەستی شیعەکانی و مەیلی عەلمانییەت و لیبڕاڵیزم و فیدراڵیت هەیە. لە دیدی شیعەکانیش، تە هەر سوونیت و جوداخوازیت و هەڵفرانەمکاری. ئەوائەستا ن خەیان گرتووەتەوە و بەهەزن تە لاوازی. جارە دوو هەڵبوو سەددام نەمابوو، یەکەکیان گوتی:"کاکە، سەبرەکمان لێبگرن، جارە دەستمان هەڵبەستراوەتەوە!"
بە خاڵی سەیەم: (تە وەک مرۆڤ). زەر چاک بزانە، سەنگ و بەرد و تەراوزووی تەوانینی خەڵک بە مەڕۆڤایەتی تە، (لە مرۆڤایەتی خەت دایە). کە سەت لە سەت، بە داخەوە لە دەستمان داوە. هەر هەمووی... . باشە بە لەو خەت ناپرسی بە لە دەنگوباسکان، ئەستا یەکەم هەوا، هەوای کوشتنی ژن و منداڵ و باوک و کوڕە؟ ئەو بە ئەوەی بە جیهان بڵێن: ئەوانە لە مرۆڤایەتی شووراونەتەوە. کە تە مرۆڤ نە بووییت، کەسیش ئامادە نییە وەک مرۆڤ تەماشات کات و مامەڵەت لەگەڵ بکا.
چۆن وامان بەسەر هات و بە گەیشتینە ئەمەڕۆژە؟
گەرچی خاونی گەورەترین سامان و سەروەت بووین، خاونی چاکترین نەوەی گەنج بووین، خاونی جوانترین خەون بووین، لە هەمووی هەرەسی هێنا:
لە یەکەم هەژی هاپەینەوە، ئەوەی هەستا سەرپە گوتی من (سەرکردەم) تا کار گەیشتە ئەوەی نەزانرێت کە سەرکردەیە. هەر نەتەوەیەک سەرکردەی نەبە، نەتەوەیەکی بەدبایە ـ سەرکردە بە مانا قووە و فەلسەفییەکەی ـ .
هەر تاکەک، گوتی (هەمووی هە خەمە)، کەسانە و حەوشەی قوتابخانە و مزگەوتیشیان خستە سەر خانووکانی خەیان. شتەک نەما لەو وڵاتە ناوی لەبەیت(نیشتمان). نیشتمان تەنها ماڵی خەتە، بەیە ئامادەنیت بەر دەرگای ماڵەکەشت گەسک بدەی!
چونکە دەسەڵاتدارەکان، کەسانی بە ئەزموون و قەڵەمڕە و دەوڵەتدار نەبوون، هەر هەموو کایەکانی ژیانیان بە هاووڵاتی بەڵەلاکرد. (خەم مامەستا بووم، بەڵەوبەرەکەم، پەدەگوتم، نابە لە خوێندکار بپرسیتەوە، نابە دەی بەڵێنێن، با بە خەی ئازاد بە) "ناحەقیشی

نەبوو، چونکە خوێندکارێک دەیتوانی گەورەترین بەڵاوەبڕی فنیش بکات."
کوردستانێک، (٧٠) ساڵی ڕێک لە زیندان و قەفەز دابوو، لە شەو و ڕۆژێک، دەرگای هەرچی وڵاتانی جیهان هەیە، بە ڕووبدا کرایەوە، هەر هەموشیان گوتیان:"دەبە. زوو. زەر زوو ببینە خاوەن هەر هەموو ئەو شتە جوانانەی کە بە خەونیش نەیان دیتبوو. (ئەوان حەقیان بوو ببنە خاوەن هەموو شتێک، بەڵام بە ئارەقەی نەوچەوان و بە ڕەنج و ماندوو بوون). بەڵێ هەر هەموو وڵات لە پێناو شتە گرانبەهایەکان، هەڵاج کرا، بە نەخشخانە و قوتابخانەشەوە.
ئەمڕۆ (٢٠٢١) ، ئەمە نەتەوەیەکی بەڵاین. هیچ سەرکردەکمان نییە، هیچ وڵات و کەسێک بە دەستمان نازنە، کەس ئامادە نییە لە ناخشترین هەلوەست دەستمان بگرێ. هیچ ژنێک، هیچ پیاوێک، هیچ منداڵێک نازانە بە دەژە... چۆن دەژە... بە کوێ دەچێ.. ئایندەی چییە...؟
وێک منداڵێکی کوتبێتە بەر دەستی زەداک و ئەویش لە خشیی باوشی مەردەکەی، منداڵەکەی دەرکردوە و
ئێستا ئەو منداڵە: بەکەس و حەیران و سەرلەشیواو
بە شەقامەکانی شاردا دەسوڕێتەوە،
کەسێک نییە، ببێتە باوکی.
کەسێک نییە دەستی بگرێ و دەستکی پێ سەز و موحیبەت بە سەری دابێنە...
ئیمڕۆ... نەتەوەیەکی بەڵاین...،
خەونەکانمان، بە دەستی خەمان ئەنفال کرد.

شیعر و گەندەر.. ناڵێ حەسەن

بە نووسینی ئەو بابەتەم ، یان دیاریکردنی پێوەندییەکانی (شیعر و شاعیر و گەندەر _ ڕەگەز) بەوەوە دەست پێدەکەم ، زەرجاران لە دیمانەکان یان قسەکردن لەبارەی شیعر و شاعیران دەڵێن ، ژنە شاعیر (کەژاڵ ئەحمەد) یان خانمە شاعیر (ئاوەزان نووری یان هەرە کوردە) یان هەر کەسایەتییەکی ژن یان کچ ، ئەوانەی کە شاعیرن . بەڵام / هەرگیز نەمان بیستووە و نەمان بینیوە بڵێن / پیاوە شاعیر (سەباح ڕەنجدەر یان کەریم دەشتی) ، زەتر دەڵێن / (سەباح

رەنجدەر)ی شاعیر یان (کەریم دەشتی) شاعیر ، بە شاعیرکانیتریش بە هەمان شێوە .. ئەمە لەنێو هووبڕی ئەم باسەمان کە ناوی کەسی دووەم بە شاعیرکە بکاردەهێنین ، مەبەستمان خودی کەسەکە یان کەسایەتییەکە نییە هێندەی / مەبەستمان (ئاوی شاعیرە) ، بە ناوی کەسی یەکەمیش (مەبەستم خۆم نییە ، بەڵکو مەبەستم (منی شاعیرە) . بۆیە / کە باس لە (کۆزاد ئەحمەد) دەکەین / مەبەستمان لە (کۆزاد ئەحمەد سەعید) نییە بەڵکو ، مەبەستمان لە (کۆزاد ئەحمەد)ی شاعیرە ، واتە (ئاوی شاعیر) ، یان بە (سەباح بەنجدەر) مەبەستمان لە ، (سەباح سابیر حەسەن) نییە بەڵکو ، مەبەستمان لە (سەباح بەنجدەر)ی شاعیرە . لێرەدا پرسیارێکی جۆهەری دەکەین ، ئایا دەکرێت بڵێین / (ژنە شاعیر تەرزە جاف یان پیاوە شاعیر شێرکە بکەس ..؟) . یان (خانمە شاعیرکان و پیاوە شاعیرکان …!) ، لێرەدا وەکامی ئەم پرسیارە نادینەوە ، دواتر لە سیاقی قسە لەبارە کردن و هوونکردنەوە و باسکردن لە نموونە و فاکتەکان ، وەکامەکە بشێوەیەکی ڕوون و خۆی دەدات بە دەستەوە و منیش وەک نووسەری ئەم بابەتە / وەکامی کەنکرێتی خۆم دەخەمەوو ، هێندە هەیە لێرەدا تەنها ئەو تێبینیە دەخەمە هوو یان بیرتان دەهێنمەوە کاتێک دەڵێن / خانمە شاعیرکان ، یان پیاوە شاعیرکان ئەوە باس لە کەسایەتییەکان دەکەن ، نەک ئەوانی شاعیر ..! چونکە بەبۆای ئەمە خودی کەسەکان و کاراکتەرکانییان جیاوازە لەگەڵ ئەوانی شاعیر ، بە هوونکردنەوەی ئەم بابەتە و بە شێوەیەوە بە نێو قووڵایی مەبەستەکانم ، لێرەدا لە ئەزموونی شیعر و (منی شاعیر) دەستپێدەکەم و چەند نموونەیەک لە شیعرەکانم دەهێنمەوە باسیان دەکەم . لە کۆپلەی یەکەمی (سروودی بەرەو یەکسانی) دا دەڵێم ..

لەو هێڵەوەی نرخی مرۆڤ بڕێ کاڵا
پشتم لەژێر قورسایی کار کەم بێتەوە
مەری زەعیفە و کۆیلەتی بەناو چاوم لکێندراوە
هەوری ڕەشی پیاو سالاری
بە قووڵایی ڕۆحی گەشم شێوبێتەوە …!

ئەم شیعرە لە ناوەڕاستی نەوەدەکان نووسیومە ، کراوەتە سروود و لەلایەن مۆسیقاژەن (پایەدار بەرزنجی) ئاوازی بۆ دانراوە ، دوو سەساڵ لە مەراسیمی(هەشتی مارس) لە هەولێر بە کۆرس گوتراوەتەوە ، کە ناوەڕۆکەکەی باس لە جەگەو هەگەی ژنان و ئازار و ستەمێک لەسەر ژنان دەکات ، لەنێو دەقەکەدا . ژنێک باس لەخۆی دەکات و دەڵێت ،(لەو هێڵەوەی نرخی مرۆڤ بڕێ کاڵا ، واتە لەو هێڵەوەی موڵکداریەتی لە (گشتیەوە گۆڕاوە بۆ تاک و ئامرازکانی

بەرهەمهێنان کۆتونێتە دەست پیاوان) ، لەو کاتەوە چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە دەستی پێکردووە و چینەکان دروست بوونە و یەکەمین قوربانییانی ئەم چەوساندنەوەیەش ژنان بووینە ، لە قۆناغی بەدەحمی سەرمایەداری و لەژێر سایەی سیستەمی پیاوسالاریش ژان و ئازارەکانی ژنان بەوپەڕی گەیشتوون ، بۆیە دەڵێ (هەوری ڕەشی پیاو سالاری بە قووڵایی ڕەحمی گەشم شکاندووە ..!) ، ئەگەر لەم کۆپلە شیعرە و لە ناوەڕۆکەکەی ورد بینەوە دەبینین ، ئەوە ژنەکە قسە دەکات و باس لە ئازارەکانی خۆی دەکات ، بەڵام (منی شاعیر) ئەم شیعرەی نووسیوە ، واتە دەنگێکی مەیینە لەنێو منی شاعیردا هاتۆتە قسە ، (منی شاعیر) لەنێو ئەم دۆقە شیعرییە کەسێکی مەینەم یان دەنگێکی مەینەم لە خەمدا بەرجەستە کردووە ، بەدەر لەوەی خەم وەک کەسایەتی چیم و چ گەندەڵکەم هەیە ، من باس لە (منی شاعیر) دەکەم لەنیو ئەو دۆقەدا .. لە شیعرێکی ترم بەناوی (شەباهەنگی بەفر) ، لە شوێنێکی شیعرەکەدا دەڵێم ،

خەم دەخزێنمە نێو باوەشی هەمی ڕووبارە شەرمنەکان
لەگەڵ کازیوەی عەشق پێکەوە سەفەر دەکەین
دەمەوێ لە ئاهەنگی لە دایکبوونی خەر سەما بکەم
تا لە بەهەشتی خوێنە سک پڕەکانی بەهار
دەسکە گوڵێک بە تەمەنی کچێنی خەم و بە گڵاپایزییەکانی
ئەم دۆقەرە بە دیاری بهێنم …!

ئەم شیعرە بەروارەکەی لە (ئازاری ١٩٩٦) نووسراوە و دواتر لە ساڵی (١٩٩٩) لەگەڵ کەمێک شیعرەکەی تر لە کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) بڵاوبۆتەوە ، شیعرەکە باس لە عەشق و نائومێدییەکی گەورە دەکات ، لەبارەی خەمی کچێنی و خەمی گەورە کچان دەدوێت ، لە شوێنێک بە ڕەشنی دەڵێت ،(ئەمشەو هەردوو مەمکی تەمەنی کچێنی عەشق بەسەر شانم شکاندووە ، لە قووڵایی دڵە خەمناکەکانییان ، تف لە ئاوەزانبوونی هەوری ئافات و خوێنە کابووسییەکانی قەدەر دەکەن ..!) لەڕەدا مەبەستمان نییە خوێندنەوەیەک بە دۆق و ناوەڕۆکی (شەباهەنگی بەفر) بخەینەڕوو ، هێندەی مەبەستمان ئەو کۆپلە شیعرەی سەرەوەیە کە شاعیر / باس لە کچێنی خەی دەکات و دەڵێ (دەموێت ، دەسکە گوڵێک بە تەمەنی (کچێنی خەم) و بە گڵاپایزییەکانی ئەم دۆقەرە بە دیاری بهێنم …!) ئیتر چی لەمە ڕەشنتر و ڕوونتر هەیە کە شاعیر ، لەنێو ئەم دۆقە شیعرییە باس لە کچێنی خەی و خەمکی قووڵی کچانە دەکات ، واتە دەنگێکی مەینەی لەنێو خەیدا بەرجەستە کردووە و کچێک یان گەورە کچێک لەنێو ئەودا هاتۆتە قسە ..! یان لە قەسیدەی (ڕەشبەڵەکی ڕەح) کە قەسیدەیەکی درێژە ، لەساڵی (١٩٩٥) نووسراوە ، لەشوێنێکی ئەم قەسیدەیە دەڵێم ،

ئستا
ووباری نوان مەمکانم ئاوکی شلووی
پدا دەوات ..!
ئستا من لەناو گژاوی سرگردانی ، هاژەی
تاقگەیکی دە تەنگم ...
دەی گوە گیان دەی ،
دەورە / لەسر نینکانم
لەسر پشتی هردوو دستم
لەسر پەکانی لوم بوە
تا بتوە بئاخقم و بە تۆش هناسە بدەم
تا بە تۆوە بمناسنوە و لەم غریبییدا
ەنگی ەیشتووم بتوە بر
دەی گوەگیان
دەماچم کە
دەبم گوشە
دەبنم کە
دەی گوەکەی خەم دەی ..!
دەقی (ەشبەکی ەح) قەسیدەیکی درژە ، یەکەکە لە ئزموونە سرەتاییەکانی من لەگەە هناسە درژیم لەنو دەقی شیعریدا ، قەسیدەیەکە ناوەەکەکی پە لە برز و نزمی و پە کشمکشی هەیە ، بزمانکی تەە و ناسکی شیعری .. ئمە مبەستمان ئو کپلەیە کە شاعیر باس لە (مەمکانی) خەی دکات ، وەک کسایتی و دنگکی مینە دردکوە ، ئگر ناوی شاعیری بسرەوە نبت ، خونران وا دزانن خانمک ئم شیعرەی نووسیوە ، لەنو شیعرکانم نموونەیتری لەم بابتە برچاو دکون ، با دیوکیتر و چند وندیکی تری شیعری بخمە ەوو کە لەوەدا / شاعیر ئمجاریان وەک دنگکی نرینە دردکوت ، بە نموونە لە شیعری (بە چاوە گشکانی ەها) ئو شیعرش شیعرکی درژە بەام تنها یکدوو کپلەی دخەینەوو ،
_ کچم ەها
چند ەژەکە هاتیە دنیا
چند بە جوانی و چند بە نرمی
لە ناخوە پدەکنی ...!
_ کچم ەها
کە گورە بووی بیرت نچت
لە ەژانی کچریما هاتیە دنیا
.....

□□حی بابی
□□□□ نۆکی کۆ گۆرۆ بووی
خوێنی ناو دەماڕکانی
پێنجۆ ناسکۆ شووشەیەکێت شکاندە بکا
گوێ هەڵی بڕسەبڕی
چاوی گۆشی ئەفسوناویت ئازار بدا
لێژڕ کێپری مەزارکان چۆک دابدەی
لێپی دەستت سەیری ئەستێرۆ و مانگ بکا …!
ئەم شیعرە لە سەرەتای مانگکانی ساڵی ١٩٩٤ نووسراوە و دواتر لە کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) بڵاوبۆتەوە ، ئەوکاتە □□های کچم تەمەنی سێ چوار مانگ بوو .. لەبار و زروفێکی سەخت و وەزع و گوزڕانکی دژوار .. بێ خانوو لانەیی و هەرجارەی لە کونج و کەنارێک ژوورێکمان بە کرێ دەگرت .. □□ژێک لەسەر سیسەمەکۆ □□ها لەسەر پشت □اکشابوو منیش یاریم لەگەڵدا دەکرد ، □□هاش بەشووەیەک پێدەکەنی ، منیش لە هەموو ژیانم ئەو پێکەنینە ئەفسوناویەم لەمندا□□کی ئەو تەمەنە نەبینیبوو ، دوای یاریکردن خەواندم . ئیتر پێکەنینەکەی لە خەیاڵما مایەوە بوو بەسەرەتای شیعرێکی درێژ و نووسیم ، (کچم □□ها چەند □□ژێکۆ هاتیێ دنیا دۆ پەمبۆ ئارەزووی ئەم هەموو پێکەنینەت لە کوێ هێنا ..؟ !) ئیتر ئەم خەیا□□ تێکۆ□□ بۆ ژیان و گوزڕان و ئاسۆ و ئومێد و خوێنکان و زەرشتیتر بوو .. وەکو باوکێکی دڵسۆز ئومێد خواستن بۆ □□ها کۆ لە داهاتوو چۆن مرۆڤێک و کەسایەتییەک بەت یان ژیانی چۆن بەت و بۆ چ ئاراستەیەک دا بڕوات ، زۆر بە □□شنی هاتووە کۆ دە□□ / (کاتێک پێنجۆ ناسکۆ شووشەیەکێت شکاندە دکات ، گوێ هەڵی بەر سەبڕی چاوی گۆشی ئەفسوناویت ئازار دەدات ..!) واتۆ دەخوازێ کۆ کەسێکی بەهێز و بەتوانا بەت لەسەر قاچکانی خۆی بوەستێت ، لە کاتۆ ناخۆشکان و □□ووبە□□وو بۆ کۆشۆ و میحنەتکان ، نەچێت لێژڕ کێپری مەزارکان چۆک دا بدات و لێپی دەستکانی سەیری ئەستێرۆ و مانگ بکێن ، واتۆ دەست پێان نەکاتەوە لەبەر هیچ کەسێک و تەنانەت هێزۆ ئاسمانییەکانیش …! لێرەدا دەبینین شاعیر وەک باوکێک قسۆ بۆ کچکەی دکات واتۆ ، دەنگێکی نەرینەی لەخۆی بەرجەستۆ کردووە …! نموونەیەکیتر . لە قەسیدەی (من) کۆ وەکو ئەزموونێکی نوێ ناومان ناوە (دەقی تەمەن) لە بەشی یەکەم لە کۆپلەی پێنجەم دا دە□□م ..

لەنەو خ□□وەتگەی ژینی من
ژنێک سەرسامە بە پێنجەکانم
ژنێک سەرسامە بە قژی خاوم
ژنێک سەرسامە بە سم□□ی سوورم

ژنەک سەرسامە بە نیگاکانم
ژنەک سەرسامە بە شیعرەکانم
سەیرەکە لەوە دایە
لەنێو ئەو هەموو ژنە سەرسامانەم
منیش سەرسامم بەخۆم
هەرخۆم و هەرخۆم و هەرخۆم
خۆمی تاک و تەنیا
خۆم تا ئەبەد خۆم ...!
دەبینین لەم کۆپلە شیعرەش / شاعیر لەنێو نەرجسیەتێکی تەخ دایە ، خۆشەویستی بە خود لە ئاستێکی زۆر بڵند دایە ، بە دیدگی (نێچە)یانە و لە ئاستی باڵا لە من و بوونی خۆی دەڕوانێت کە / ئەو بیرکردنەوەیە بەخود بیرکردنەوەیەکە لە تەواوی (دەقی تەمەن) ئیشی لەسەر کراوە ، بەڵام ئەوەی ئەمە لەڕادا مەبەستمانە ، ئەو دەرەیە کە دەڵێت (ژنەک سەرسامە بە سمێڵی سوورم ...!) ، سمێڵ هەمایە بە پیاو ، واتە لەڕشدا شاعیر دەنگێکی نەرینەیە .. لەم نموونانە بینیمان منی شاعیر لەیەککاتدا لەنێو هووبڕی شیعرەکاندا ، هەم دەنگی مەیینە و هەم دەنگی نەرینەی لەخۆیدا بەرجەستە کردووە ، هەکارەکەش ئەوە بووە / هەر لەسەرەتای ئەزموونی نووسینی شیعریم ، ویستوومە جیاواز بیربکەمەوە و جیاواز بنووسم ، چونکە ئەوە بیرکردنەوەی جیاوازە فەرم و ناوەڕۆکی جیاواز بەدوای خۆیدا دەهێنێت ، نوێخوازیش هەر لەنێو ئەم هاوکێشەدا مانا پەیدا دەکات ..! تا ئێرە چەند دیمەنێکمان پێشان داوە ، هەشتا هەکار و وێنەی پرسیارە جۆهەریەکەمان نەداوەتەوە و بەڵام زۆرباشم لەبیرە / لەناوەڕاستی سایەی نەوەدەکان ، ئەوکات بە ئەمیان دەگوت (شاعیرە لاوەکان) ، لە گازینەی (مەچکە) ڕۆژنامەنووسێکی برادەرم پرسیارێکی لێکردم و گوتی / (ناڵێ حەسەن) تۆ لەنێو شیعرەکانتدا زۆر باسی (مەمک) دەکەیت و وەکو (کچێک) دەردەکەویت ، ئەگەر ناوت لەسەر شیعرەکانت نەبێت و یان وێنەت لەگەڵیان نەبێت کەس نازانێت تۆ کوێیت یان پیاویت ..؟! منیش لەناخی ناخەوەم پرسیارەکەم زۆر پەخش بوو ، لە وەڵامدا گوتم / ئاخر من کە دەچمە نێو جۆری شیعری و بەنێو دنیای خەیاڵ ڕادەچم و قووڵ دەبمەوە لەوێدا ، لە واقیع و لەخۆم دادەبڕم ، لەوێدا من نازانم نەرم یان مێ ، منداڵم یان پیر ، تەنها مرۆڤکم هیچیتر ..! برادەرەکەشم سەرسام بوو بەوەڵامەکەم و قەناعەتی بە قسەکانم هات .
ئیتر لەمبارەوە ، (نوکتە و سەرگوزشتە و باسی خۆش خۆشیش هەن ...!) . ئیتر ئەم حاڵەتە لە نێو خەیاڵ و باری دەروونیم مایەوە ، تا ئەزموونم بارەو سەروتر دەچوو کاریگەری ئەم بارە دەروونییەم

لەنێو هووبڕی شیعر و خەیاڵ شیعرییەکانم تەختر دەبوو ، بەڵام نەمدەتوانی بەشێوەیەکی گونجاو تەعبیری لێبکەم و یان لەنێو پانتیایی لێکدانەوەیەک تێریزی بکەم . زەمەن هات و ڕۆیشت ، چەند ساڵێک لەماوبەر لە (یوتوب) گوێم لە دیمانەیەکی(ئەدۆنیس) ی شاعیر هاگرت ، زۆر جڕیئانە لە وەڵامی پرسیارێک کە باسی خۆی دەکرد گوتی ، (کەسایەتییەکی مێینە ، یان دەنگێکی مێینە لەنێو منی شاعیردا هەیە ..!) ، دەخۆش بووم بۆ قسەیەی (ئەدۆنیس) ، شیعرەکانی خەم و پرسیارەکەی ئێو ڕۆژنامەنووس و وەڵامەکەی خەمم بیر کەوتەوە ، گوتم نا من هەڵەنیم ، شاعیر (بەدەر لە ڕۆگەز بنەڕەتییەکەی خۆی) ، دەتوانێ هەم دەنگی مێینە و هەستەکانی مێینە و / هەم دەنگی نێرینە و هەستەکانی نێرینە لە خۆیدا بەرجەستە بکات ، چونکە لە دواجاردا شاعیر مرۆڤێکە بە هەموو هەستە جیاوازەکانەوە ..! لێرەدا بینیمان / شاعیر لەنێو هووبڕی شیعر دەتوانێ دەنگی مێینە و دەنگی نێرینە لە شیعر و دیمەنە جیاوازەکان لە خۆیدا بەرجەستە بکات ، ئێستا باس لە دەقی (بۆیان) دەکەین کە یەکێکە لە قەسیدەکانی (شیرکۆ بێکەس)ی شاعیر ، پوختە و ناوەڕۆکی دەقی (بۆیان) بۆ شۆڕیە ، بۆیان کچی دێیەکە سەر بە ناوچەی مەریوان ، کچێکە لەگەڵ موعاناتی خۆی و کەمەندگە چۆوساوەکەی دەژی ، ئەم ژیانە نابەرابەرەی بە قەبووڵ ناکرێ ، چ وەک کچێک چ وەک کەسایەتییەکی کوردی ژێردەستە ، شۆوانان تا درەنگی شەو سەدان پرسیار بەخۆیاەی دادەت ، (شەرکۆ بێکەس) لە بەشێکی قەسیدەکەی دەڵێت ،

ئێستا کەنیشکی ئەم دێیە
دەت و ئەوا و قسەی پێیە
قسەکانی لەلای هەندە
وەک شەمامە هەڵئەگیرە ...
ئەم کیژەمان وەکوو
چاوی بیری زیت بوو
گشت شەوگارە
لەژێر لەفەی کون کونەوە
بە قەد ژمارەی ئێستێرەی
شەوی هاوینانی ناودە
هەنگی پرسیار لەناو سەریا
ئێو ڕۆژان و
تا بەربەیان
نەیان ئەهێشت چاو لێک بنە
ئەم بە ئێژی ؟ ئێو بە ئەمرە

ەنج بە ئەخورێ ؟
ئەم بە دیلێ ؟ چۆن ڕاپەڕێ ؟
بەیان / هۆشیاریيەکەی دەگاتە ئەو ئاستە بەیار دەدات چەک هەڵگرێ و ببە بە پێشمەرگە . ئەم بەیارەی لەلای پیاوانی ئایینی و هەندێ لە کەسکانی دەکەی دەبەتە مایەی ڕەخنە و توانج بەڕام ، بە کیژەڵان و ژنەک لە کەسانی هاودەمی خەی مایەی دەستخۆشانێ دەبەت ، بەیان پێشمەرگەیەکی ئازا و چالاک دەبەت ، دەبەتە سەردەستەی گرووپەکەیان ، دوای ماوەیەک نامەیەک بە ماڵەوەیان دەنێرێ ، چونکە بەیان ئێستا هەندێ کەسایەتییەکی خۆشەویستە نامەکە ئەودەست و ئەو دەست دەکات ، لەماوەی یەکدووەڕا نامەکە گەچراو و کەن دەردەکەوێ ، لە ترسی دەان و لەناوچوون دەیبەن لەمزگەوت بە مەکەبەرێ دەیخوێننەوێ ..!
دواتر بەیان شەهید دەبێ ، شاعیر لە کەتایی قەسیدەکێ ، دەەت ،
بەیان بەیان بەیان
ئیتر بەیان هەر بە تەنها
دار گەلاسی مەریوان و ئەران نییێ
کانی سنێ و بەکان نییێ
ئەمێ و سبەینێ و داهاتووش
ئیتر بەیان کیژەەکەی دایێ گەورەی کوردستانێ
ئیتر بەیان لە ئێستەوێ
ئێستەڕێ سوورێ گەشکەی هەژارانی گشت جیهانێ ..!
تا ئەڕێ وەکو بەبیر هەنانەوەیەک پوختەیەکی کورتمان لە ناوەەکی دەقەکێ باسکرد ، بەڕام مەبەستی ئەمێ لە باسکردنی ئەم دەقێ ئەوەیە کێ شاعیر ، لە شەوێنکی دەقەکێ ، ەوو لە ژنان دەکات و وەک پەیامبەرەک ، پەیامبەر بە مانا ئایینیەکێ نا ، بەمانای وەکو مرۆڤەک پەیامی پێیێ ، یان وەکو قسەکەرەک قسەی پێیێ ، چونکە دواجار شاعیر لەنەو شیعرەکانیدا قسەکانی خەی دەکات .. جا ئەو شاعیرێ یان ئەو پەیامبەرێ دەکرێ کەسایەتییەکی مەینێ بەت ، چونکە لەسەر سەکەیەک رووی دەمی لە ژنانێ و قسێ بە ژنان دەکات و دەەت ،
ئەی ژنانی وڵاتێ قژ سووتاوەکەم
بەیان زەنگێ
گوێی لەبگرن !
دەستەڕی ئازادیی
ناو ئەوێیێ
سەر هەڵبەن
بەیان دەمی ئەو پاچێیێ
شەوێ زەنگتان ئەوخەنێ
دەنگ هەڵبەن

بەیان ئەو دارو خشتەیە
دنیای تازە پێکدەهێنێ
چاو هەڵبڕن
بەیان لووڵەی ئەو چەکەیە
مەرگ ئەمرێنێ
کوان ؟ ! ئاپۆن ..!
لە وردبوونەوە لەم دیمەنە شیعرییە ، هاوکات دەکرێ خوێندنەوەی ئەوەشی بۆ بکەین کە شاعیر ، دەنگێکی مەینەتبەت ، دەکرێت دەنگێکی نەرینەی ئازادیخواز بێت ، واتە پیاوێکی ئازادیخواز بێت ، هیچ لەناوەڕۆکی قسەکان و پەیامەکە ناگۆڕێت ، واتە لەنێو ئەو پەیامە شیعرییەی (شەرکە بکەس) ئەو هاوکێشەیە دەبینین کە / (ئەوی شاعیر) لە یەککاتدا ، توانیوێتی هەم مێبت یان نێر ، دواجار مرۆڤێکە لە قووڵایی هەستێکی ئینسانی باسی لە نابەرابەری و جەور و ستەمی سەر کەمەگایەکی ژێردەستە کردووە ، واتە(ئەوی شاعیر) بەدەر لەوەی لە گەندەڵەکەی هەرچییەکە ، وەکو مرۆڤێک هەستەکانی خۆی لە هاوانگەی مرۆڤبوونەوە ، بەرامبەر بە کەسێک و کێشەیەک خستەتە ڕوو . لێرەدا دەماندوێت باس لە دیمەنێکیتر ، یان دیوێکیتری ئەم باسەمان بکەین و چەند نموونە و فاکتێک بخەینەڕوو ئەویش ، (ژن و مەسەلەی ژنان)ە یان کێشەی ژنان لەنێو هاوبەری شیعری دا ، لە کەمەگەی تەقلیدی و دواکەوتووکان ، (ژن بوون) کێشەیەکە و ژنان هەمیشە هاوبەرووی ستەم و چەوساندنەوە دەبنەوە ، بەیە هەڵەدان و خەباتکردن بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکان ، هەم لەلایەن ژنانی وشیار و بۆشک لە پیاوانی ئازادیخوازیش ئامادەیی هەیە ، بەیە دەبینین زۆرێک لە ژنان ، ئەوانەی شیعر دەنووسن و شاعیرن ، لەنێو هاوبەری شیعرکانییان باس لە هەستی ژنانەی خەیان دەکەن و وەک دەنگێکی مەینەت دەنگ هەڵدەبڕن ، تا ئەو ئاستەی شانازی بە ژنبوونی خەیان دەکەن ، کە ئەمەش خاڵێکی پۆزەتیف و شکۆدارە ، یان لە پەنا ئەو دەنگەهەبینەت و دەربەینەی هەستە مەینەییەی خەیان باس لە کێشکان و پەیوەندییەکان و خەمە کەمەایەتی و فەرهەنگی و کلتووریەکان دەکەن ، بەڵام با بزانین دەربەینی ئەم دەنگە مەینەت و هەستە ژنانەیە ، دەبێتە هۆی ئەوەی کە / چەمکی گەندەڵ ئەو کاریگەرییەی هەبێت لەنێو هاوبەری دۆق و تا ئەو ئاستەی مەری گەندەڵی پێوە دیار بێت ..! لێرەدا باس لە شیعرێکی (کۆزاڵ ئەحمەد)ی شاعیر دەکەین ، بەناوی (باخەوان ماندووتر لە ئاو) ، شاعیر لە سەرەتای شیعرەکە دەڵێت ،
پێت سێرە نانووشتەمەوە
بۆ تەنیا بۆ

بەنکردنی گۆڵک نەبێت
یان بە ماچکردنی ڕووەتی منداڵێک
سینگ و بەرکی ناکامەوە
بە شیردان بە شیعرێک نەبێت
یان ئاوینی لەبیرکراوی شەماڵێک ..
(کەژاڵ ئەحمەد) لە بەشکیتری شیعرەکەیدا دڵێت ،
پێناکەنم بەدەم کەووی
جەستەی نیشتیمانەکەوە
بگۆنی کردووە
ناشگریم لەبەردەم قەوزێکدا بەهەیوە
حەوزی ژیانی ئەم خەڵکە لیقبووە !!
دیوارێک باشتر گوێ دەگرێت
بەردێک باشتر هەست دەکات
باڵندەیەک سەیر لەبەر من
خەمبار دەبێت و
سبەی دەمکات بە جریوەی چەکەکێک …!
بەشەوێکی گشتی / شیعرەکە لە ڕووی زمان و شیعریەتەوە ، شیعرێکی جوان و نایابە ، ناوەکێکی قووڵی هەیە ، بەخڕایی لە دڕگای زڕ کێشە و ململانێی داوە ، هەستێکی ژنانەی ڕەشنی دڕبڕیوە بەتایبەت بەرامبەر بەوەی کە ، پێیان وایە ژنام زەعیفە و لاواز و بەهەزن ، ، یان خەمۆکانی نیشتیمان و کێشەکانی ڕەژ و زڕ شتیتر ، وە ڕەخنەیەکی تەخ لە ئەوی بەرامبەری دەگرێت جا هەرکەسێ بێت ، لەڕدا نامانەوێت بە قووڵی باس لە ناوەکێکی دەقەکە بکەین ، بەڵام هەر بە خوێندنەوەیەکی خێرا ، دوو شت دەبینین / شاعیر دەیەوێت کەسایەتیەکی بەهەز و متمانە بەخبوو بەمانای کەسایەتییەکی ئازا بەرجەستە بکات ، کە بە بەرامبەرکەی دەڵێت / پێت سەیرە نانووشتەمەوە ..! یان دەڵێ / پێناکەنم بەدەم کەووی جەستەی نیشتیمانەکەوە ، یان / ناشگریم لەبەردەم قەوزێکدا ..! ئەمانە هەمووی هەما و نیشانەی بەرجەستەکردنی کەسایەتییەکی بەهەزن ، هاوکات باس لەهەندێ شت دەکات کەلای ئەو گەورەو پیرەزن ، بە نموونە / نانووشتەتەوە بە تەنیا بە بەنکردنی گۆڵک یان ماچکردنی ڕووەتی منداڵێک نەبێت ، یان سینگ و بەرکی خەی ناکاتەوە بە شیردانی شیعر نەبێت ، دیارە شیردان لە ڕەی مەکەوە هەمایە بە بەگزی مەینێ ، بەڵام ئەو لەو هەستە ژنانەیەوە دەیەوێت (گەورەیی و گەردوونیەتی شیعر)مان پێشان بدات ..! کە ئەوەش چ لە نانووشتانەوەکەی بە تەنیا بە بەنکردنی گۆڵک و ماچکردنی منداڵێک / یان سینگ و بەرکی نەکردنەوە بە شیردان بە شیعر نەبێت ..! لەڕدا دیمەنکی ناوازەی

پ ل شیعریی ت و جوانکاری نخشاندوو ، ئگر زتر ورد بینو و
بپرسین ، ئایا چند کاریگری گندر ل پشتی هستکانی نو ئم
دق دبینین ..! شاعیر ل پشتی هست و خیاکانی خی باسی
کسایتییکی بهزمان ب دکات ، باسی پیرزی گو و منداو و
گورِیی شیعرمان ب دکات ، باسی خمکانی نیشتیمان و ئزمکانی
ژ دکات ..! کاریگری گندر لکوی ناوک و هاوکشکانی ئم
دق دای ..؟ ئایا ئگر ئم دقق ل جیاتی ناوی کژاو ئحمد ،
ناوی (سباح نجدر)ی ب سرو با یان هر شاعیرکی تر ، چی
ل ناوک و مانا و هاوکشکان دگی ..؟! دواجار هستی ژنانش
هستکی مرقانیو و پیوندی بوو نیی شاعیرک چ جر رگز
و گندرکی هیو ، مبستمان (ئوی شاعیر)ی نک کسک خی ،
بینیمان تنانت دربینی هستی ژنانو و دنگی مینیشی لنو
ووبری دقی شیعریدا ، گندری نووسرک گرینگییک و
کاریگرییکی ئوتی بسر دقکدا نابت ، هاوکات / ب مسلی
کشی ژنان و زگاربوون لم کشیو ئمو کاری شیعر و ئدب نیی
، دکرو شیعر و ئدب یارمتیدر بن بام ، وا پویست دکات ل
رگای هشیاری کمگا و ل وانگیکی ئینسانی و ل چوارچوی
یاساو دستوورکی مدرن ئم کشانو چارسر بکرن ..! لم
باریو ، باس لشاعیرکی تر و شیعرکیتر دکین ، ئویش (
تزرو جاف)ی شاعیرو ، (تزرو جاف) شاعیرک لنو شیعرکانی
ب زمانی شیعری و ب شنی باس ل خیی و هستکانی و هاوکات /
پیوندییکانی لگ خیی و دوروبری دکات ، استگیانو و
اشکاوانو تعبیر ل خی دکات و خی دنووستو ، واتو (تزرو
جاف) هو ددات لنو شیعرکانی خی بت و شاعیرک لنو
ووبری داهنان و شیعر هوی جوانی هیو ، شیعرکی ئم
شاعیرمان بناوی (جوانترین) دخینو وو ، شاعیر ل
شیعرکیدا دت ،

تو چند جوانی
کاتک ل باا و سینو و
نیگای کچکو
شیعرک دخوقنی !
تو چند زانای
ئو کاتانی ل ککدا
یان برامبر ژنکی جوان
باس ل مافی ئافرت و
مافی ئازادی ئاو دکی !
تو چند برزی

ئەو کاتانەی لە ڤیستیڤاڵێک
یان لە سەنتەرێکی گەنجان
بەسەر ئازادیی دەربڕین و
سەربەخۆییدا هەڵدەدەی!
تۆ چەنێک جوانیت ،
چەنێک زانا ،
چەنێک بەرز !
کەچی ئەو هێژای کچەکەت دەکەوێتە عەشقەوە:
تۆ
چەند درزنیت
چەنێکیش گوناح …!
ناوەڕۆکی شیعرەکە زۆر هەشنە .. باسی دوو هوویی و درزنی کەسێک یان کەسەکان دەکات ، ئەوانەی لە پشتی میکرۆفۆنەکانەوە ، لە کۆڕ و ڤیستیڤاڵ و گۆڕەپانەکان و شوێنە گشتییەکان ، باس لە ئازادی و مافی ئافرەت و ئازادی تاک دەکەن و لەماڵەوەش بە کچەکەی خۆیان زیدانێکیان خوەقاندووە یان ناتوانن بڕگەی ئەوە بگرن کە کچەکەیان عاشق بێ ، ئەوکات ئەوەی باوکیان پێی نەبێت ، قسە بریقەدار و بێناوەڕۆکەکانی خۆیانە …! یان شاعیرێک کاتێک لە هوانینی قەد و باڵا و نیگای کچێکی شۆخەوە ، شیعرێک دەخولقێنێ .. . دیارە دەقەکە ناوەڕۆکێکی جوانی هەیە ، شاعیر هاستگۆیانە باسی لە زەربەی (کەسەکانی) دەروبەر و کەمەگاکەی کردووە بەهام ، ئەمە مەبەستمان لە کاریگەری (گێندەر و پەیوەندی گێندەرە لەنەو شیعرەکە و خودی گێندەری شاعیرەکەش) ، با بزانین لەنەو شیعرەکەدا ئەو (تۆ) یە کێیە ؟ کە دەڵێت (تۆ چەند جوانی ، کاتێک لە باڵا و سینەی ، نیگای کچێکەوە ، شیعرێک دەخوەقێنی !) ، ئەو (تۆ) یەی نەو ئەو وێنە شیعرییە لە هووی ڕگەزەوە (تۆ)یەکی نادیارە چونکە دەکرێت / پیاوێک بێت لە قەد و باڵا و نیگای کچێکەوە ، شیعرێک بنووسێت ، یان دەکرێت ژنێکی لەزبیان بێت ، یان هەر ژنێک ، بەهەمان شێوە ، لە قەد و باڵا و نیگای کچێکەوە شیعرێک بنووسێت و جوانی ژنێک ببێتە ئیلهام بۆ نووسینی شیعرێک ..! بۆیە (تۆ)یەکە گێندەری نادیارە لە هەمانکات ، دیاربوونیشی گرینگییەکی ئەوتۆی نییە ، چونکە کەسی لەو بابەتە زۆرن لە نەو هەردوو ڕگەزەکە ، دەکرێت ژنێک بێت چالاکوانی نەو مەیدانی مافەکانی ژنان بێت و باس لە ئازادی ژنان و ماف و ئازادی تاک بکات بەڵام ، لەماڵەوە پێچەوانەی ئەو قسانەی خۆی هەڵدەستێت بکات و بەتایبەت ئەو هێژای کە کچەکەی دەکەوێتە عەشقەوە ، لە نەو کەمەگە دواکەوتووەکان بە هەزاران ژن و پیاوی لەمجۆرە هەن ، بۆیە لە سەرتاپای شیعرەکە /

هەموو (تۆ)یەکان گەندەرو ڕۆگەزیان نادیارە و دەکرێ مە بن یان نێر ..! هاوکات گەندەری شاعیریش هیچ لە ناوەڕۆک و بەهای شیعرەکە ناگۆڕێت ، با ناوی (تەرزە جاف)ی شاعیری بەسەرەوە نەبێت یان ناوی هەر شاعیرێکی تر بێت ، هیچ لە بابەتەکە و لە ناوەڕۆکی شیعرەکە ناگۆڕێت …! تا ئێرە زێتر فۆکەسمان لەسەر گەندەری شاعیر بوو ، ئێستا چەند کورتە شیعرێکی تر بە نموونە دەهێنینەوە کە فۆکەس دەخەینە سەر ناوەڕۆکی دەقەکان و گاریگەری گەندەر لەنێو دەقەکاندا .. هاوکات مەبەستمان لە گەندەری شاعیرەکە و ئەو کەسایەتی و کاراکتەرانەش کە لەنێو دەقەکان ئاماژەیان پێدەکرێت .
(سەباح ڕەنجدەری) شاعیر ، لە کتێبی (حەزدەکەم ئەوەندە بژیم) لە شیعری (باوک و دایکم) لە دوا کۆپلەدا دەڵێت ،
خونچە ئیسماعیل عومەر لە ٦/١٢/١٩٥٦ دا
بە جلی ڕەشەوە چووە پەردەی بووکێنی و ئاهەنگی خامۆشییەوە
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
جلی ڕەش
ئەم کاتی خۆی خوێندنەوەیەکمان بە ئەم کتێبەی (سەباح ڕەنجدەر) کردووە بە ناوی ، (شیعر و چەمکەکانی / ئیرۆس و سانات‌ۆس و ئەبەدییەت) ، لەنێو خوێندنەوەکەمان ئەوکاتیش باسی ئەم کۆپلە شیعرەمان کردووە ، بەڵام ئێستا بە مەبەستکیتر خوێندنەوەی بە دەکەین ، بەر لەهەر شتێک لەنێو ئەم وێنە شیعرییە پارادۆکسێکی ناوازە دەبینین ، لەنێوان (جلی ڕەش و پەردەی بووکێنی) کە بەشتێکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە . (خونچە ئیسماعیل) واتە دایکی شاعیر ، بە جلی ڕەشەوە چۆتە پەردەی بووکێنی و لە ئاهەنگێکی خامۆشدا ، لە پشتی جلی ڕەشەوە وێنەی هەموو زەحمەتی و مەینەتی و ژیانی قوڕسی ژنانی کوردەواریمان بە ڕەسم دەکات ، (جلێکی ڕەش ڕەش ڕەش …!) ، هەمایە بە ژیانێکی ئێجگار سەخت و نالەبار ، خەمێکی ئێجگار گەورە ، دیمەنێک تا ئاستی تراژیدیا غەمگین ، کۆشەیەکی کەمەڵایەتی گەورە ، ئاستی فەرهەنگی و کلتووری کەمەڵگایەک دەردەخات ، ئەمانە هەمووی لە دوو دێری شیعری تەعبیری لێکراوە ، هاوکات ئەلبوومێکی پڕ لە وێنە و یادەوەریش ، هەستێکی مرۆیی گەورە ..! ئاستە(خونچە ئیسماعیل) ژنێکە و دایکی شاعیرە ،

بەرامبەر خوێنەر لە بەردەم ناوەندکەکی گەورە و پارادۆکسەکی گەورە دایە ، خوێنەر لە بەردەم دیمەنەکی هەندە خەمناک دایە تا ئاستی کارەسات ، بەیە ئاوەی بیر دەچێتەوە (خونچە) کێیە ، گێندەر و ڕەگەزی چییە ، گرینگ ئەوەیە کەسەکی زەحمەتکێش بووە ، بە جلەکی ڕەشەوە گرینگترین شتەی زیانی خەی بەرکردووە ، گێندەری کەسەکە هیچ گاریگەرییەکی لەئاست گەورەیی و کاریگەری ناوەرۆکەدا نییە . تەنانەت گێندەری شاعیرەکێش ، ئەگەر هەر شاعیرەکی تر / ئەو دووەی نووسیبا هەمان ناوەرۆک و هەمان کێشە و تراژیدیای بەرجەستە دەکرد …! واتە لەم دیمەنە شیعرییە ، ناوەرۆکەکە ڕەنگەکانی گێندەری هێندە کاە کردەتەوە تا ئاستی نادیار یان ڕەشبوونەوە . نموونەیەکی تر / (جوول کەلچەر) شاعیرەکی ئەمریکییە ، کەسایەتییەکی ژنە ، لەهەمانکات گەرانی دەڕە و شیعری لیریکیش دەنووسە ، لە کتێبەکی شیعری بەناوی (شەوەک بە بە زریپەش) ، لە شیعرەکی نەو کتێبەکە بە ناوی (خەت کەکەرەوە) ، هەرخەم شیعرەکەم کردووە بە کوردی و وا لەخوارەوە دەینووسمەوە و قسەی لەسەر دەکەین ، (جوول) لەم شیعرەدا دەڵێت ،

لە کەنار دەریا خەت کەکەرەوە
منیش دەم و لەوەدا خەشم دەوەی
خەت کەکەرەوە لەگەڵ شتە کوێیەکاندا
لەگەڵ گەرانییەکانی چەپکە و کەفی دەریا
لەگەڵ / با جوانییەکی شەتانەش خەی کێبکاتەوە
لەنەو چاوەکانت بدرەوشێتەوە و بانگم بکا
چونکە من ئارەزووی پیاوەک دەکەم
لەنەو قژیدا بە شتە کوێیەکان هەلانە چێبکا
ئەو پیاوەی بەسە و گە ماچ دەکا …!

شیعرەکی ناسک و جوان ، ناوەرۆکەکی قووە و پە مانا ، ئەوە دەبینین / ژنەک واتە دەنگەکی مە داوایەک لە پیاوەک دەکات ، کە خەی کێبکاتەوە ، لە سەرەتا هەردوو ڕەگەزی (نێر و مێ) دیارن ، ژنەکە بەردەوام دەبە لەداواکەی کە پیاوەکە خەی کێبکاتەوە ، تاکو ئەویش خەشی بوەت ، لەڕەدا خە کەکردنەوە ، وەک هەمایەک زەر شتی لە پشتە ، وا دیارە پیاوەکە کەسەکی هێندە نائومێدە تا ئاستی ڕەشبینی ، دەستی لە خەیی و ژیان و ئومێدەکانی بەرداوە ، ژنەکە داوای لێدەکات خەی کێبکاتەوە و بگەڕێتەوە نەو ژیان و دەست بە ئومێدەکانیی بگرێتەوە ، خەی کەکاتەوە / لەگەڵ شتە کوێیەکان ، دەکرێ شتە کوێیەکان هەما بەت بە شتە یاخییەکان ، گورانییەکانی چەپکە هەمابە بە شتە جوانەکان ، کەفی دەریاش هەمابە بە جووڵە و هەوەدان ، کەواتە دەخوازە پیاوەکە لەم نائومێدییە گەورەیە خەی

ڕزگار بکات و بگەڕێتەوە نیو ژیان و لەگەڵ شتەجوانەکان بژی ، بەم شێوەیە دەبێتەوە بەو کەسەی کە ئەویش خەشی بوێت ، تا ئێرە ئاسایی ، ناوەڕۆکەکی جوان و پڕ مانا و گەندەڵکانیش دەبینرێن بەڵام ، کاتێک دەگەینە دوادێری شیعرەکە ، کە دەڵێت ،(ئەو پیاوەی گەو و بەستەماچ دەکا …!) ، ئەم دێرە هەندە پڕ ماناو هەندە دێرە شیعرەکی ناسک و ناوازەیە ، ناوەڕۆکەکە قووڵتر پێشان دەدات ، ژیان و عەشق جوانتر پێشان دەدات ، لە بەرامبەریشدا / نائومێدی و پەرتبوونەکان گەورەتر دەردەکەون ، خوێنەر لەبەرامبەر ناوەڕۆکەکی قووڵ قەرار دەگرێت ، گەندەڵکانی بیردێتەوە و دەکەوێتە نێو بیرکردنەوەیەکی قووڵ ، کەسێک گەو بەستەماچ بکات دەبێ / کەسێک لەونلەو بێت لە خەونی جوان لە هیواو ئومێدی جوان ، نێک کەسێکی پڕت و لاکەوتە و نائومێد ، بۆیە لەژێر کاریگەری ناوەڕۆکەکی پڕ لە جووڵەی ئیستاتیکی ، گەندەڵکان لە مەشکی خوێنەر وندەبن کاریگەرییان نامێنێ ، تەنانەت خودی شاعیرەکەش گەر (جوول) نەبێت هەر کەسێکیتر بێت هیچ لە مانا و ناوەڕۆکی شیعرەکە ناگەێت …! نموونەیەکی تر / شیعرەکی (خولیا حسێن)ی شاعیر ، بەناوی (دایکم و دەریا لەیەکدەچن) ، ماوەیەک لەمەوبەر خوێندنەوەیەکیشمان بە ئەم شیعرە کردووە ، بەناوی (شیعر و دایک و میهرەبانی) ، بەڵام ، لێرەدا بە ئەم وتارەمان دیسان قسە لەسەر دیوەکی تری ئەم شیعرە دەکەینەوە ، خولیا لە سەرەتای شیعرەکەیدا دەڵێت ،

دەریا و دایکم لە یەک دەچن
کە غەریبیی دایکم دەکەم
دەچمە کەنارەکی دەریا
نیگاکانم نوقمی قووڵاییەکی دەکەم
لە جوانی و
لە فراوانی و
لە هێمنی دەریادا
جوانی و
هێمنی و
دە گەورەیی دایکم دەبینم
یان لە شوێنەکی تری شیعرەکەدا دەڵێت ،
هەندە دەخەش و هەندە ئارام و
منداڵ دەبمەوە
وادەزانم لە ژێر ئاسمانی چارەکە شینە
ئەفسووناوییەکەی دایکم
خەم شاردەتەوە
نە عەشق دەمسووتێنێ

نە خۆشەویستی ئازارم دەدا
نە خەم زەفەرم پێ دەبا
نە شکەتی پەم دەزانێ
نە تەمەن لەگەڵ خەی دەمبا
نە دڵان تەکم دەشکێنێ
نە غوربەتیش دەمگرینێ ..!
ناوەڕۆکی شیعرەکە باسکردنە لە ڕۆی دایک و گەورەیی و میهرەبانی دایک ، وەک کەسێکی ئازیز و پیرەزترین و خۆشەویسترین کەس ، باوەشی دایک ئارامیترین کونج و جێگایە بە منداڵەکانی ، پەناگەیەکە پێ لە میهر و خۆشەویستیی .. لەکچووانەنی دایک لەگەڵ دەریا هاوکێشەیەکی شیعری پێ لە جوانکاری نەخشاندووە ، لە هەمانکات ، وێنەیەکی قووڵی پێ لە مانا ..! لێرەدا مەبەستمان نییە دووبارە لەسەر ناوەڕۆکی شیعرەکە قسە بکەینەوە بەڵام ، ئایا لەم دۆقە شیعرییە خوێنەر لەبەرامبەر ناوەڕۆکێکی بەرز و گەورەی ئینسانییە یان گەندەر ؟ خۆ ئەگەر خولیا بیگوتبا / باوکم و دەریا لەیەکدەچن ، خوێنەر لەبەرامبەر هەمان مانا و هەمان ناوەڕۆک قەراری دەگرت ، چونکە باوکیش هەمان ئەو کەسە گرینگە و گەورەییە بە منداڵەکانی ، هەمان پاڵپشت و باوەشی باوکیش هەمان ئەوکەنارە ئارامە و هەمان ئەو کونجەیە کە پەناوپەرە لە میهر و خۆشەویستی ، بەڵێ لەم دۆقە شیعرییەش گەندەر ئەو ڕووبەرە فراوانەی نییە ، چونکە لەوکاتەدا مەشکی خوێنەر سەرقاڵە بە بیرکردنەوە لە میهرەبانی و گەورەیی کەسێک ئەو کەسەش (دایک)ە ، خە لەجیاتی خولیا گەر هەر شاعیرێکی تر ئەم دۆقە شیعرییەی نووسیبا هەمان ناوەڕۆک و مانای دەبوو ، چونکە گەندەری شاعیریش هیچ کاریگەری بەسەر دۆق و ناوەڕۆکەکەدا نییە و نابێندرێ .
ئێستا دوای ئەم هەموو نموونە و فاکتانە ، دەماندوێت باس لە هەکارەکان بکەین / بۆچی گەندەری شاعیرەکان لەنەو ڕووبەری دۆق ئەو کاریگەرییەیان نییە ، یان شاعیرێک بەدەر لە کەسایەتی خەی و گەندەری خەی ، دەتوانێت وەک (ئەوی شاعیر) گەندەری (مەینە و نێرینە) لەخەی بەرجەستە بکات و یان کەسێک بێت ڕەگەزی نادیار بێت و تەنها وەکو مرۆڤێک دەرکەوێت . یەکێک لە هەکارەکان ئەوەیە / شاعیر لەنەو ڕووبەری دۆق ، بەهەی زمانەوە دەتوانێت توخمەکانی سروشت وەک (با ، درەخت ، ئاو ، ئاگر ، هەور ، ئێستێرە ، مانگ ، بەرد ، ڕووناکی ، هەتادوایی ..) ، بەکاراکتەر بکات و بەقسەیان بهێنێت ، کاتێک دەڵێت / من ڕۆشەبام کە هەڵدەکەم ..... ئیتر لێرەدا شاعیر ڕۆشەبا وەقسە دەهێنێت ، گەندەر هیچ ڕۆڵێکی نابێت ، گەندەری شاعیرەکە خەی لە پەیوەند بە توخمەکان (چ مە بێت یان نێر

) هیچ لە بابەت و ناوەڕۆکی دەقەکە ناگەیت ، خاڵکی تر / شاعیر دوای بیرکردنەوە دەچێتە نێو قووڵایی خەیاڵ ، هێندە قووڵ دەبێتەوە تا گەیشتن بە ووبەری ناخودئاگایی .. ووبەری ناخودئاگاییش بەمانای (دابڕان لە ئاگایی و هۆشمەندی خود ، هاوکات دابڕان لە واقیعی مەوجودیش واتە واقیعی هەبوو) هەروەها لە واقیعی خەیشی دادەبڕیت …! ، بۆیە لەڕەدا ئاگەڕ باسی کردنی (کوشتنی باوک) بکەین لەلای (فرۆید) و لێو سەرچاوانەش بکەینەوە کە هاوکاری بوون بە نووسینەوەی ئەم تێزە ، دەبینین چ لە (ئەدیبی (سۆفکلیس) و هاملێتی (شکسپیر) و برایانی کارامازۆفی (دستۆفسکی) لەوەدا ، ئەوە دەخوێنینەوە کە / نووسەرەکان و پاڵەوانەکان لەوکاتەدا لەژێر کاریگەری پاڵنەرە (ناخودئاگاییەکان) بوون ، یان تەقاندنەوەی پاڵنەرەکی دەرەکی کە هەمیشە لەنێو رووبەری ناخودئاگاییان کاریگەرییەکی تەخی هەبووە ، ئەم پاڵنەرە دەرەکییەش (ململانێی سەکسی یە لەبارەی ڕەگەزی مە وە) ، لەوکاتەدا چونکە لەنیو رووبەری (ناخودئاگایی)دا بوون ، دواتریش کاتێک دەگەڕێنەوە بۆ باری (خودئاگایی) یان باری ئاسایی خەیان ، ئەوکات پێشیمان دەبنەوە لەڕەدا مەبەستم لە تاوانبار و توانبار نەبوونی کەسەکان و کردەکە نییە ، مەبەستم باری ئێو (دابڕانە)ە پێشان بدەم ، کاتێک دەبینین کەسەکان لەباری (ناخودئاگایی) گەڕانەوە بۆ باری (خودئاگایی) و باری ئاسایی خەیان واتە (دابڕابوون) لە واقیعی خەیان و دەرەوەی خەیان …! بۆیە بۆ دیوەکیتر دەتوانین بڵێین / شیعر نووسینەوەی چرکە ساتەکانی وەبیرهێنانەیە ، واتە چرکە ساتەکانی دابران لە هۆشمەندی و ئاگایی خود ..! چونکە شیعر بوونەکی گەردوونی هەیە ، لەڕەدا شاعیریش دەبێتە گەریدەیەکی گەردوونی …! کاری بەسەر ئەوەوە نییە خەی لەدنیای واقیع چ ڕەگەز و گەندەڵکی هەیە ، شاعیر لەنێو ووبەری خەیاڵ و لەنێو پانتایی زمان بوونەکی جیاوازی هەیە واتە تەنها مرۆڤ و هیچی تر …! ، بۆیە گەر لەڕەدا باسی (شیعری ژنانە و ئەدەبی ژنانە) بکەینەوە ئەمە زەرجاران ئەم پێلینکردنەمان بۆناوی ئەدەبی (ژنانە و پیاوانە) و یان (شیعری ژنانە و پیاوانە) ڕەتکردەتەوە ، لە کتێبی (ئەدەب و ئایدیۆلۆژیا)ش بە ڕەشنی قسەمان لەسەر پێلینکردنی شیعر و ئەدەب کردووە و ڕەتمان کردەتەوە بۆ هەکارەی ، کە ئەدەب یان شیعر بوونەکی گەردوونی هەیە و لەنێو کایەی (مرۆڤ و بەها مرۆییەکان) ئیش دەکات ، بۆ هەر هەکارەک بۆ / ناتوانین ئەدەب یان شیعر پێلین بکەین و ووبەڕە فروانەکەی بچووک و بەرتەسک بکەینەوە ، بەتام لەڕەدا ئێو خاڵەش زیاد دەکەین کە / ئاگەڕ بڵێین ئەدەبی ژنانە یان شیعری ژنانە بەمانای ، (ئێوی شاعیر) لەنێو

رووبەری بیرکردنەوە و خەیاڵ هەندێ قووڵ نەبێتەوە تا لە واقیعی دڕاوە و لە واقیعی خۆی دابڕێت ، یان نەگەیشتە ڕووبەری ناخودئاگایی و سنووری دابڕان ، واتە هەر (خەیاڵی) نەک (ئەوی شاعیر) ، ئیمە لەسەرەتای ئەو باسە گوتمان / ئێمە لەم وتارەمان مەبەستمان خودی کەسەکە نییە بەڵکو ، مەبەستمان ئەوی شاعیرە ، بۆیە هەڵەیەکی گەورە دەکەین گەر بڵێین (ئەدەبی ژنانە یان شیعری ژنانە) ، چونکە من بیستوومە هەندێک لە خانمەکان ، ئەوانەی شاعیرن و شیعر دەنووسن ، لە دیمانەکان دەڵێن / بۆیە باوەڕمان بە (شیعری ژنانە یان ئەدەبی ژنانە) هەیە چونکە ، شاعیرەکە (خۆی) ژنە و لەنێو شیعرەکەیدا هەستی ژنانەی خۆی دەردەبڕێت ، یان لەنێو ئەدەبەکەیدا دیاردەیەت بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خۆی بکات …! ئێمەش بە دیاریکراوی / ڕەک مەبەستمانە ئەوە ڕەت کەینەوە ، چونکە شاعیر بەدەر لەوەی چ گەندەڵکی هەیە دەتوانێت هەردوو هەستەکان (چ ژنانە یان پیاوانە) لەنێو ڕووبەری دەق بەرجەستە بکات و بەرگریش لە ماف و ئازادییەکانی تاک بکات …! ، چونکە دواجار (هەستی ژنانە یان پیاوانە) هەستەکانی مرۆڤن ، ئامانجی شیعریش بەرهەمهێنانی جوانی و ئیشکردنە لەسەر جوانی بۆیە / شاعیریش لەنێو ڕووبەری دەق بوونەکی ئیستاتیکی هەیە و (مرۆڤەکە گەندەڵی نادیارە واتە تەنها مرۆڤە و بەس …!) ، ئەو خاڵەش کە دەڵێن چونکە (خۆیان ژنن) ، واتە ئەو شاعیرانە باس لە (خودی خۆیان دەکەن) وەک ئەوەی کە هەن ، نەک وەک ئەوەی کە (شاعیرن) و بوونەکی ناجێگیری توخم ئامێزییان هەیە …! ، خاڵەکی تر لە پێوەند بە (شیعر و شاعیر و گەندەڵ) / مرۆڤ چ (نەڕ بێت یان مێ) کە دەتە نێو ژیان ، لەسەرەتا بوونەکی ناتەواوی هەیە ، مرۆڤەکان لە ڕێگەی داهێنانەوە هەوڵ دەدەن بوونی خۆیان تەواو بکەن یان مانا و شوناسێک بە بوونی خۆیان ببەخشن ، جا ئەگەڕ شاعیر گەندەڵەکەی هەر جۆرێک بێت ، هەوڵدەدات لە ڕێگەی داهێنانەوە بوونی خۆی تەواو بکات ، بۆیە شاعیر بە ئەوەی داهێنانی گەورە بکات ، دەبێت وەک شاعیرێک مامەڵە لەگەڵ خۆی بکات ، وەک مرۆڤێک بتوانێ لە یەککاتدا هەردوو گەندەڵ لەخۆی کەبکاتەوە ، چونکە شاعیری داهێنەر دەبە بوونەوەرێک یان گەریدەیەکی گەردوونی بێت ، مرۆڤێک بێت خاوەن بوونەکی باڵا بێت . هەر بۆیە دەبینین (ئەلبەر کامۆ) لە کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) لە شوێنێکدا دەڵێت . (داهێنان واتە دووجار ژیانکردن ..!) ، ئەگەڕ لەو وتەیەی کامۆ ورد بینەوە لە پێوەند بە شاعیر ، ئەو مەبەستی لە شاعیرێکی داهێنەرە ، شاعیرێک کە لەڕێگەی داهێنانە گەورەکانی بتوانی دووجار بژیی ، واتە ببێتە موکەی مژوو ، دوای مردنیش هەر بە زیندوویی بمێنێتەوە ، وەک (شکسپیر و دانتی و

بەدڵەر و نائی و سەدان گۆرە شاعیری تر .) بە مانای / شاعیرێک وەک مرۆڤێکی گەردوونی بتوانێ لەگەڵی زمانەوە قسە لەبارەی هەموو شتێکەوە بکات ، بە دەربڕینی هەستی پیاوانە و ژنانەشەوە …! هەر خودی (ئەلبێر کامۆ) لە هەمان سەرچاوە لە پەیوەند بە داهێنانەوە قسەیەکی (نێچە) بە نموونە دەهێنێتەوە کە دەڵێت / (هونەر بە تەنها هونەر ، ئەمە هونەر شک دەبەین ، تا حەقیقەت نەبێتە مایەی مردنمان …!) ، ئاگەر لە ناوەڕۆکی ئەم قسەیەی (نێچە) ورد بینەوە یان لە پشتی دیوە نادیارەکەی ئەم قسەیە ، گرینگی داهێنانمان بە دەردەکەوێت بەرامبەر بە بوون و ژیان ، مەبەستییەتی بڕێت / ئاوکەسانەی داهێنانیان نییە ، حەقیقەتیان وەک نەبوو وایە واتە بوونێکی (بەبەها و مردوو) یان (ناتەواو و بە هەز ..!) ئاوەی کە(مارتن هایدگەر) بە بوونێکی (نامۆ یان ناڕەسەن) ناوی دەبات ، جا بۆیە ئاگەر لە خاڵی کۆتایی وەڵامی پرسیارە جاوەڕوانیەکەی سەرەتا بدەینەوە ، دەڵێین (نەخێر) من بە دروستی نابینم بڵێین (ژنە شاعیر چنوور نامیق) ، یان (خانمە شاعیر ڤینەس فایەق) ، وا دروستترە بڵێین / (چنوور نامیق)ی شاعیر ، یان (ڤینەس فایەق)ی شاعیر .. بە پێویستی دەزانم ئاوەش بڵێم کە من لە کتێبی / (سارا تیسدەیل ژنە شاعیری ئەمریکی) ، بۆئاگا کاتووماتە نەو هەمان هەڵەوە ، بە دڵنیاییەوە گەر جارێکیتر ئەم کتێبە چاپ بکەمەوە هەڵەکەم راست دەکەمەوە و لە بەرگەکەی دەنووسم / (سارا تیسدەیل شاعیرێکی ئەمریکی) ، چونکە هەروەک گوتمان / شیعر بوونێکی گەردوونی هەیە و شاعیریش ئاو بوونەوەرە گەردوونییە ، ئامانجی بەرز ڕاگرتنی مرۆڤ و بۆها مرۆییەکانە و بۆیە دواجار شاعیر تەنها مرۆڤێکە و هیچیتر …!

٢٠ی

ئاپریلی ٢٠٢١

سەرچاوەکان :

_ کتێبی (عەشق و بەرائەتی ئاو) .. ناڵێ حەسەن
_ کتێبی (ڕەشبڵەکی ڕۆح) .. ناڵێ حەسەن
_ کتێبی (دەقی تەمەن) .. ناڵێ حەسەن
_ کتێبی (حەز دەکەم ئاوەندە بژیم) سەباح رەنجدەر
:_ کتێبی (دیوانی شەرکە بکەس) .. بەرگی دووەم
_ کتێبی (من هەبم یاخود نا .. ئەمەیە مەهزەلەکە) .. تەرزە جاف
_ کتێبی (ئەفسانەی سیزیف) .. ئەلبێر کامۆ .. و/ ئازاد بەرزنجی
_ کتێبی (Jewel Kilcher .. (a night without armor
_ شیعری (باخەوان ماندووترە لە ئاو) .. فەیسبووکی (کۆژاڵ

ئەحمەد) .
_ شیعری (دایکم و دەریا لەیەک دەچن) فەیسبووکی (خولیا حسێن) .

"گەرانستان" یان پیلانێکی نوێی داگیرکەران!.. هوشیارئەحمەدی

وەڵامێ بۆ "سەی مەهدی سجادی" و جاشقەڵەمێ بکرگیراوە هاوچەشنەکانی.

هوشیارئەحمەدی

دوژمنانی کورد هەموو کاتگایەکیان بۆ لەدانی کورد، نیشتمان و ئامانجە نەتەوەیی نیشتمانییەکانی تاقی کردووەتەوە، لە لەدانی سەختەوە بگرە تا چەرخی نوێ و لەدانی نەرم. ئەگەرچی لە هەمووشیانا کورد زەرەرمەند بووە، هەوتی بەرەوپێش چوونی ئامانجەکانی هەواش کراوەتەوە، بەڵام نەوەستێنراوە. بریندار بووە، کوتووە، بەڵام نەمردووە و لە بەرەو ئامانج هەڵکشان نەوەستاوە. ئامانە دروشم نین، دیارن و ئاسانمەنرێن.

بەڵام لە زەقترین و ناشیرینترین پیلانەکان، بەکارهێنانی جاشقەڵەمە کوردەکانە بۆ لەدانی ڕیشەیی لە نەتەوەکەیان. لەم چەرخانا جاشقەڵەمتر لە مەدیاکانی چەڕیمەوە هێندێ کاوێژی کاوێژکانی پێش خۆی کردووەتەوە و بەشانازیشەوە بەناوی خۆیەوە تەماری کردووە و پێشوایێ داهێنانێکی نوێی لە جاشایەتییا کردووە!

ئەو کەسەکە بە ناوی "سەید مەهدی سجادی" و پاشگری دوکتۆریشی لکاندووە بە پاشی خۆیەوە. لە باوەی ئەم جاشقەڵەمەدا "کورد" ناوێکی دەستکرد و بە قەوی ئەو "جعلی"یە و "کوردستان"یش ناوێکە لە سەردەمی سوڵتان سنجەری سەلجوقیەوە بە پارێزگایەکی کوردنشین دانراوە کە دواتر لە لایەن ناسیونالیستە کوردکانەوە، بە چەختکێی هەزە ئەستەعماریی ڕۆژئاواییەکان بە مەبەستی ئاژاوەگێڕیی و لە ژێر ناوی دەوڵەتخوازی و سەربەخۆیی خوازیا، وەک

ئامراز بەکارهێناوە.

سەی مەهدی سجادی گەرەکیە بیسەلمێنێ و بیقەبوڵێنێ بە بەردەنگانی، نەتەوەیەک بە ناوی کورد و وڵاتێ بە ناوی کوردستان بوونی نیە، بە جێگای، نەتەوەیەک بە ناوی "گوران" و وڵاتێ بە ناوی "گەرانستان" بوونی هەس!

سەی مەهدی سجادی لە وتارەکیا لە ژێر ناوی " کارەساتی هەڵبجە: پڕۆپاگەندەی شەرم بێنەوچاوانی ناسیونالیسمی دەستکرد(جعلی) و شوڤینیسمی کوردی یەوە" پشتوایێ ئەوەی بە نیشتمانی کوردەکان ناسراوە و بە باوەی ئەو دابەشکراوی سەر (٣سێ وڵات!)ی ئێران، عێراق و تورکیایە[کوردستانی بندەستی سوریا لای ئەو چی لێ هاتووە، موسەمانان وتەنی "اللەاعلەم"]، لە بنەڕەتا نیشتمانی نەتەوەی گەرانێ نەک کورد.

سەی مەهدی پێیوایێ وشەی "کورد" لە هیچ سەرچاوەیەکا واتای نیە، تەنیا وەک ئاماژە بە کەمەڵە کێچەر بەکار هاتووە کە هاتوون و نیشتمانی نەتەوەی گەرانیان داگیر کردووە و بە درێژایی مێژوو ئەوانیان پەراوێز خستووە و خەیان کردووەتە جێگرەوەیان!

نە نەتیا کوردەکان، بەڵکوو هەر کەسە تازە لەم نووسینە ڕابمێنێ و تازەکیش شارەزای کورد و مێژووەکەی بە یان هەر نا، کتێبخانەشی دەست نەکەوە، تازە شارەزای ئینتەرنێت بە و گەڕانێ بە ناو گوگڵا بکات، گومان لە ساغ بوونی نووسەر ئەکات و پێی وایێ یان مەشکی تێکچووە، یان بەردەنگەکانی خەی پێ شت و گەل و نەزانە.

یەکێ لەو سەرچاوانەی جێگا متمانەی مێژوونووس و لێکەرانە، "گزنفون" فیلسوف و مێژوونووسی یونانییە کە ٢٤٠٠ ساڵ پێش ئێستا ژیاوە و ناوی "کرد"ی بە ناساندی کەمەڵە مرۆڤ بەکارهێناوە کە بە ئاماژەکانی ئەو، کوردەکانی ئێستان.
هەر "گزنفون" لە باسی گەڵانەوەی دەهەزار کەسەکەدا ، ئەو خەڵکە بە "کوردەک" یان "کاردەخ" ناو ئێبات.

بە بەوای میرشەرەفخانی بدلیسی، کورد کە ناوی نەتەوەیەکە، وەک ناسناوی جەنگاوەری و پاڵەوانێتی بەکار هاتووە.

لە بەڵگەنامەکانی شارستانیەتی "ماری" دا کە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەر ژیاون، ئاماژە بە دەوڵەت شارێ بە ناوی "کوردا" کراوە لە باکووری موسڵی ئێستادا.

فەردیناند هەنەر بیشلەر نووسەری کتێبی "چۆنکی کورد" لەو باوەدایە ئیشەی ناوی کورد "سومەی" و لە زەر شوێن لە کتێبە و نووسراوەکانی سومەی، بابلی و ئاشوری دا وەک خێکانی "کرتو" ئاماژە بە کوردەکان کردوە کە لە دێرینترین دانیشتوانی زاگرەس بوون.

"ئاریستە بلەس" لە فەرماندەکانی ئەسکەندەری مەقدونی ئاماژە بە خێکانی ئەکات بە ناوی "کاردە " کە دانیشتووی چیاوای ئێرانی ئەستا بوون و هووبەووی سپاکەی بوونەتەوەو تێکیان شکاندووە.

لە کتێبی"کۆنە نەناسراوەکانی ئاوەستا یان جوغرافیای چیاوای ئێران" لە نووسینی "عمادالدین دولتشاهی" دا هاتووە؛ کە زێتوشت ٢٧٠٠ ساڵ پێش دەتە ناوچەی پاوەی ئەستا[لە ئاوەستادا بە "پوە" ناوی هاتووە] دانیشتوانی ئەو ناوچەیە خێکانە بوون بە ناوی (کرتە، کرتی یان کرتو).

ئەسترابۆن جوغرافیناس و مێژوونووسی یۆنانی ، لە کتێبی جوغرافیای ژێردەسەاتی هەخامەنشیەکانا ئاماژە بە نیشتمانی گوردیان ئەکات کە هەمان کوردستانی ئەمڕۆیە.

جراەد دایەر لە کتێبی "کورد لە سەرچاوە کۆنەکانا" ئەڵێ: کوردەکان لە سەرچاوە جوراوجۆرەکانا وەک کاردە، کوردەئینی، کوردیایوس، کوردیایا، کورتی و… ناو براوە.

ابن خلدون لە کوردەکان وەک گەلێکی سەربەخۆ ناو دەبات کە لەگەڵ عوممەری کوڕی خەتاب، خەلیفەی موسەمانگەلا شەڕیان کردووە.

ابن وحشی لە کتێبی "شوق المستهام فی معرفه الاقلام" دا ئاماژە بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ ئەکات کە خاوەنی ئەلوفبێی زمانی بوون.

بەجگە لەمانەش، هەر شاهنامەی فەردوسی دا(گەرچی من شاهنامە بە شەونمێری چیاکی کورد ئەبینم و پەموایە کاوەی ئاسنگەر وەک جاشکوردە چیاکی هەس) لە چەندین جێگادا بە هوونی وەک نەتەوەیەک (بە قسەی ئەوان قەوم)ێکی سەربەخۆ ئاماژە بە کورد ئەکەن و هەگەزی کاوەی ئاسنگەر بە کوردەکان ئەگەیەنێتەوە:

کنون کُرد از آن تخمه دارد نژاد

که ز آباد ناید به دل برش یاد

لە جێگایەکی دیکە ئەژە:

بپویید کاین مهتر آهرمنست
جهان آفرین را به دل دشمن است

همی رفت پیش اندرون مرد گُرد (کُرد یا پهلوان)
جهانی برو انجمن شد نه خرد»

یان شاویس قولی کە سالی ٨١٠ی کۆچی ژیاوو شاعیرێکی یارسان بووە، چۆن جوان هەر بە بنزارێکی دیالێکتی گۆرانی ئاماژە بە ڕۆچۆنکی کورد بوونی خۆی ئەکات:

ئەسمەن جە کورد، ئەسمەن جە کورد
بابەم کوردەنان، ئەسمەن جە کورد
من ئەو شێرەنان چۆنی دەستەی گورد
سلسلەی سپای زەحاک کەردم هورد

یان سەرنج بدەنە خانای قوبادی شاعیری ناوداری کوردی لەدایکبووی سالی ١٧٠٠ی زایینی، چۆن جوان وەک نەتەوەخوازە باسی زمانی خۆی(کوردی) ئەکات:

هەرچەن مواچان فارسی شەککەرن
کوردی عەلاو من، بەس شیرینتەرن
مەعلومەن جە دەور، دونیای پەدئەندەش
دەشادەن هەر کەس، وە زوانو وەش

جودا لەمانەش، زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەیی، بە هەموو پێوەرە زمانی و زانستییەکان ئەسەلمێنرێ کە بە کۆمەڵە دیالێکت و شێوەزارێوە یەکە لە زمانە دێرینەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانە. هەر لەو پێوەندییەدا لە پلەبەندییەکی زمانە گرینگەکانی دونیادا، زمانی کوردی ئەکەوێتە پلەی سی و یەکەمی هەشتا زمانی گرینگی دونیاوە.

ئیدی باسی دەزرانەوەی پاشماوەی ئەسک و پروسکی بەشەر لە ئشکەوتی شانەدەر و نیشتمانی کوردەکانا با بمێنە کە بەگوێرە بە بوونی ژیان لە ٦٠ هەزار ساڵ لەمەوپێشەوە لە نیشتمانەکیانا.

لە چەندین نووژراوەدا باس لەوە کراوە، کوردەکان سەردەمانێ کە خەتی بزماری باو بووە، بەو خەتە پیتەکانی خۆیان نووسیوە. "نلدکە" زمان ناسی ئامانی ئەژە: ئەگەر کەتیبەگەلە لە کوردەکان پێدا

بکرێ، بەگومان وەدەچێ وەک کەتیبەی هەخامەنشییەکان بچێ.

احمد ابی‌بکر وحشیه نبطی کلدانی لە کتێبی (شوق المستهام فی معرفه رموز الاقلام) دا ئەژێ:
نزیکەی سەدای دەهەمی پێش زایین، کەس بە پەی پیتە ئەبجەدییەکان، ئەلفوبێیەکی بە ناوی (ماسی سورات) داهێناوە، لەو کاتەوە کوردەکان بەو پیتانە نووسیویانە. بە بەوای ئەو ئەلفوبێیە بەو ئەلفوبێیە ئەچێ کە دواتر لە سەدەی شەشەمی زایینی دا داهێنراوە و ناوی زمانی ئاوێستایی لە نراوە.

مینەرسکی سەبارەت بە گرینگیی زمانی کوردی ئەژێ:" زمانی کوردی بناغەیەکی جگیر و قاییمی بەگەمەندو مێژوویی هەیە کە ئەگەڕێتەوە بە زمانەکانی مادی و سکایی.

پڕۆفسور محمد ئەمین زەکی بەگ، بە ئاماژە بە شەرەفنامە، زمان کوردی دابەشی زارەکانی کرمانجی، گۆرانی، کەلهوڕی و لوڕی ئەکات.

مامۆستا تەوفیق وەهبی، زامنی کوردی بە چوار دیالێکتی سەرەکیی کرمانجی، لوڕی، گۆرانی و زازایی دابەش کردووە.

زانا فارقینی سەروکی ئەنستیتۆی کورد لە ئیستانبوڵ، سەبارەت بە زمانی کوردی ئەژێ:
ئەمە بە پەی لێکۆڵینەوەی گرووپی لەگەڵ چەندین زانای جیهانیی بواری زمان، لەسەر زمانی کوردی، بەو ئەنجامە گەیشتووین، ئەگەری هەس، زمانی کوردی نزیکەی ١٥٠٠ ساڵ پێش، لە زمانەکانی هیندوئەروپایی جودا بووەتەوە و زمانگەلێ وەک ئینگلیسی و فارسیش، نزیکەی ٨٠٠ ساڵ پێش لەو گروپە زمانییە جودا بوونەتەوە.

دوکتەر "کامران بەدرخان"ش لە زانکۆی دهۆک جەخت ئەکاتەوە کە کوردەکان ئاری بوون و زمانی کوردی تەمەنکی ٥٠٠٠ ساڵی هەس. ئاماژەش بەوە ئەکات کە ئەم زمانە لە قاڵبگەلی جەراوجەرا کەکراوەتەوە و ئەسڵمەنرێ.
ئەو تێنانەت جەخت لەوەش ئەکاتەوە، یەکەم پەرتوکی نووسراوی جیهان "گلگەمیش" بە زمانی کوردی نووسراوە.

هەر نەشمانهەوە بە ئابردوو و مێژوو بگەڕێینەوە، ئەتوانین بە پەی تواناییەکانی ئەستای زمانی کوردی کە پشت ئەستوورە بە پاشاخانەکی وشەیی و زاراوەیی و کولتوریی زمانی، بە پەی زانستە زمانییەکان بە دونیا بسەلمێنین، زمانی کوردی نە تەنیا لە زمانی داگیرکەرانی

لاوازتر و کەمتر نیە، بەڵکوو لە بەتایبەت زمانەکانی فارسی و تورکی گەلە بەهێزترە.

بەڵام ڕاستیەکەتان گەرەکە، نووسینەکەی جاشقەڵەم "سێی مەهدی سەجادی" ، بگشتی شایانی وەڵام نیە. چونکی زمانی دەربڕین و داشتنەکەی ئەو، زیاتر بە زمانێکی شاڵاتانی و لەمپەنیستانە ئەچێ تا زمانێکی زانستی، ئەدەبی ، مێژوویی ئاکادەمیک. ئەو لە نووسینەکەیا بە جێی بەگاندن و فەکت هێنانەوە، وەک کەسێکی شەڕەجنۆکەری هەمبانە بۆشی سەر کەڵانی، پێنا ئەباتە بەر جنێو، بەڵەزی، بوختان، درۆ و سووکایەتی. بە شێوەیەک کە زۆر ڕووهەماڵراوانە کوردەکان بە سەگ و ناسیونالیستەکان بە تووڵەسەگ و کوردە گەرانەکان بە تووڵە ناو ئەبات.

بەڵام بە ئەوەی خوێنەری کورد زیاتر پیلان و مەبەست و ئامانجی داگیرکەران و بکەرگیراوەکانیانی بە ڕوون ببینێ، بەرپرسیارانە پێویستە وەڵامە بگشتی بە ئەم هەمبانەبۆشانە هەبە و ماڵە پووشینەکانی ئامانجیان بە با بدات.

دیارە ئەمە یەکەم جاشقەڵەم و بکەرگیراو نیە ، هەوڵی لەم چەشنە ئەدات، بە دنیایشەوە دوایین کەس نابە. پشتریش لە بابەتی دیکەدا باسم کردووە، سانەی سەرەتای ٢٠٠٠ بوو، لە بەرنامەی هانەنگینەی تەلەوزیونێکی پەکەکەوە ، ئازاد نەقشبەندی بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە کەسکەوە کرد لە پاوە بە ناوی "مەنسوور سەلیمی" ، ئەوی وەک خوێندکاری ماستەری زانکۆی مەشهەد ناساند. لەسەر تەز ، واتە نامەی ماستەریەکەی قسەی لە تەکا کرد، ناوونیشانی نامەی ماستەریەکەی بەم چەشنە بوو؛"هەورامی زمانێ، نەک زاراوە"، ئەم بابەتە لە لایەن ٣٠ مێژیمی ئەرانەوە پاپشتی کرابوو، بە پلەی بەرز وەک نامەیەکی سەرکەوتوو وەرگیرابوو، بە وتەی نووسەر، هەر لە لایەن ٣٠ مێژیمەوە بەی ٤٠٠٠ دانەی وەک پێشکی لە چاپ و بڵاو کرابوونەوە و قەولی پێ درابوو زیاتری لە چاپ بکرێ. بەمشێوە نەوەستابوون، لە شاری پاوە ناوەندەکیان بە لکەبینەوە و توێژینەوە بە دانابوو.

یان چەند سال لەمەوبەر لە باشووری کوردستان، جەماعەتێ نزیک بە ٢٥٠ واژیان کەکردبووەوە و دابوویانە پەرلەمان، گوایە ئەیانهەوە فیدرالی فەرهەنگی بدرێ بە هەورامان و هەورامیەکان. با حاشا لەوە نەکەین، زاراوەی هەورامی وەک ئێشە، خزمەتی نەکراوە، کاری بە نەکراوە، زاراوەیەک کە ساڵانە زمانی نامەنووسین و بەگە و

دکیەمنت نووسینی ئەمارەتی ئەردەلان بووە، زاراوەیەک کە زاری نووسینی دەیان گەورە شاعیری کورد بووە و دەیان شاهکاری ئەدەبیی پێ خولقێنراوە. بەڵام ئەمانە نابە ببنە ئامراز بۆ بەکارهێنران لە لایەن داگیرکەرانەوە بۆ دابڕاندنی ناوچە، خەڵک، شوێن و جوغرافیا لە کوردستان ، بە مەبەستی ئاژاوەخستنە ناو ئێزە شپرزەکانی کورد و کوتنە باوش داگیرکەران.

دوکتۆر "حەمەعەلی سوڵتانی"ش هەر یەکە لەوانەیە کە لە خزمەت خامنەیی دا لە کرماشان، لە وتاری بەخێرهێنانیا، بە مەبەستی خۆشخزمەتی و دڵخۆشکردنی ئاغاکەی، کورد ئەکات کایەک و ئەیخاتە خزمەت فارسچیەتی، ئێرانچیەتی و ئیسلامچیەتیەوە.

هەزاران بەگەی دڕکی و ناوخەیی، هەزاران بەگەی لەکەرانی شەرقی و غەربی کوردستانیەتی کوردی وەک کورد و نیشتمانەکەی وەک کوردستان سەلماندووە، هەموشیان وەک بەگە تەمار کراون، لەم نووسینەدا ئاماژەم بە زقترینەکانیان کرد. بەڵام ئەو جاشقەڵەمانە بە هەمانی بەتاڵەوە گەرکیانە کەڵەک خەڵکی سادە و خۆشباوەڕ هەڵخەڵەتێنن و بیانخنە خزمەت ئامانجەکانی داگیرکەران.

شاراوەش نیە، ئێزیم لەم سیاسەتی ئاژاوەنانەوە بەردەوام کەڵکی خۆی وەرگرتووە، زقترین شەوازی کەڵک وەرگرتنیشی لە کات و ساتی شانەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمان و شورای شار دایە. بە ئەم مەبەستە لەو شارانەی خەڵکی هەورامی و ئەردەڵانی یان سەرانی تێکەڵ بوون. ئێزیم بەردەوام چەند پاڵەوراوی سەرانی،ئەردەڵانی و هەورامیی پەسەند ئەکردو لە بەگای دەستەکانی خۆیەوە، بە مەبەستی کەشانی خەڵکەکە بە سەر سندەقەکانی دەنگدان، شەڵکی ناشیرینی لە نەوانیانا ساز ئەکرد و سەرکەوتنکی باشی لە ئامانجەکانیا بە دەست ئەهاورد. بەجگە لەوەی خەڵک بە لەشاو ئەهاتنە سەر سندەقەکانی دەنگدان، بەکوو بە حەماسەتکی تایبەتی دژبەیەکەوە ئەهاتن، کابرای سەرانی یان هەورامی ئامادە بوو، داپیرە کۆنەفتی ناو جگاکەی بە کەبابەتە سەر سندەقەکانی دەنگدان، تا بە سەر بەرامبەرەکەیا سەرکەوە. دەیان قسەی ناشیرین دەیان دروشمی زبر و جنێو و بوختانیشیان بەیەک ئەکرد.
ئێزیم لە شانەکانی ئەمجارەی هەڵبژاردن بە تەواوی بە هیوایە، زەربەی بەرپەسانی نەزم و بەرزی ئێزیم نایشارنەوە، ترسیان لە بەشداری نەکردنی خەڵک بە هیچ فەو و تەڵەکەیەک هەس. گومانم نیە کە یەکە لە گرینگترین هەکار و ئامانجەکانی ئەم جارە هەوە و تەقالایەی جاشقەڵەمە کوردەکانیش هەر لە خزمەت ئەو ئامانجەی ئێزیم دایە.

لە کۆتاییا، جاشقۆمە کوردەکان پێویستە بزانن، چەکەکەی ئێوان فرە لە چەکی جاش پاسدارە چەکدارەکان کاریگەرتر و کوشندەترە. گومانیان نەبێ، هێزێ دادە ئێوان وەک خائینێ بە نەتەوە و نیشتمانەکەیان لە دیوانی گەلا ئەبێ وەڵامدەر بن و سزای تاوانەکانیشیان وەرگرن. ئێو هێزێ دەر یان زوو، هەر دێ.

_نووسینەکەی جاشقۆم"سەی مەهدی سجادی" بە فارسی بوو، ئامانجیش ئێوەیە یەکەم لێوانێیە کوردی نەزانە، لێوانشێ بزانێ بۆچی لەبەر نەفرەتی لە نەتەوەکەی، ئامادە نەبێ بە کوردی بنووسێ، یان لێوانێیە زمانی فارسیی هەڵبژاردبێ چونکە ێووی دەمی زیاتر لە فارسەکان بێ، ئاخر ئێو کاوێژانەی ئێو تەنیا ئەتوانن خەراکی مشکی پسۆهەنراوی خەی بن، زبێ و زاڵی وا ناتوانێ ببەتە خەراکی هیچ مشکەکی ساغ و خاوەن.
منیش زمانی کوردیم هەڵبژارد، چونکی ێووی دەمم لە نەتەوەکەی خەمە. پەموایە نەتەوەکەی خەم بیاردێرە لە چارەنووسی خەی نەک داگیرکەر و بێگانە و دوژمن.

_تێبینی: من مێژووناس و مێژوونووس نیم، بەڵام گرینگیی بابەتەکە ناچاری کردم بە هەڵوێست نەبم. هیوامە ئەم بابەتە ببەتە هاندەرە کە شارەزایان و پسپۆڕانی مێژوو، کەمتەرخەم نەبن لەم بوارەوە و قەڵەمی هیمەتی لە هەڵمەتن و کاری پسپۆڕانەتر، شارەزایانەتر و بابەتیانەتر لەسەر ئەم پیلانە بکەن.

سەمایەک سەهۆکەی تواندەوە!.. بەهادین حاجی بەکر دارتاش

ئەوارێیەکی درەنگ وەخت سەماو ئاوەزان بوونی دوو جەستە لەمیلەدیایەکدا، بووە کوانی توانەوەی بەفری سەر شقامەک. چوار رێژە چوار هەزار فتوادەرو شمشێر بەدەست کوچەو کۆڵانەکانی شار دەگۆن بەدوای خۆشەویستدا، چوار رێژە نەفرەت لەسەمایەکی ئاسایی کە تەنیا دەتوانیت گوزارشتیک بێت لەحەزو ئارەزوی گەنجە گیرفان خاڵییەکانی ئەم شقامە، کە ئەگەر بە چەند خولەکیش بووە بینینی

سەمایەک تەکۆ بۆتاسەی ئارەزووکانیان بکەن و هەر نەبێت ئەم ئەوارە زاخاوەکی مەشکیان بدەن بەجوانی جوڵەی دوو جەستە کەخەزگی هەزاران گەنجی ئەم شارەی تیا تەکۆ بوو. ئای خودایە چی قەوما، چ ئافاتێک رووی تێکردین، چ قیامەتێک هەستا، لەچ غەزەبێکدا نغرە بووین، چ سەنامیەک ئەم شەقامەی لووڵ کرد لەگەڵ خۆیدا، تۆ بڵێی بۆئاگاری قیامەتی ئەم رووداوە ئەمە هەموو رەبوارانی ئەم شەقامە بسووتێنێت، یا لوتفەکەیت و تەنیا جەستەی ئەو دوو سەماکارە ئەنامەو بەهۆشت و کلتوربەزێنە دەکەیتە خەڵمیش کە ئەو کفرە گەورەی کردیان و بەچەند جوڵەیەکی خۆیان شارەکیان شەواند؟ ! ئای خودایە ئەمە چ کفرێک بوو کەتە عەبدەکانی خۆت ناچارکرد بەوەی هەر لەم شەقامە بۆ نوێژدا بەرماڵەکانیان راخەن و شەقام ببەستن و ئازادی هاتووچۆکردنیش لەتەماشاکەرانی سەماکەرانی ئەوارەی پێشوو بگرن.
ئای خودایە لەم هەموو دڵگەرمی و دڵگورەیەی عەبدەکانی تۆ چۆن پێیامەکانت لەدڵرەوەی هەرجارە هەڵشەو تووندوتیژی و شمشێر راوەشاندن و ملپەڕانێک بەاودەکەنەوە، کەزمانیان بەوشەوە خوێنی لەدەتکێت و بۆ کپکردنەوەی ئاڵشی دوو گەنج قیامەتێک بەرپا دەکەن، ئەلهەق ئەم سوپای عەبدانە وەفادارن بەپێیامەکەی تۆ بۆ بەمقەدەس نیشاندانی سەوابتەکانی تۆ بۆ زیندو راگرتنی کلتورێک کە جگەی بیرکردنەوە قسە لەسەرکردن و گەڵانکاری نیە. چی رووێداو بۆ رووێدا؟ ئەوەی رووێدا تەنیا نمایشکردنی توانای هونەری دوو گەنج بوو کە لەنەو ئاپەڕەی شەقامی سەهۆڵەکەدا، وەک (ئیڤان)ی کچە سەماکەر دەڵێت تەنیا بۆ خۆشی و بۆ ئاشتی و خۆشەویستی بوو، ئەوەی رووێدا وەک (میە)ی سماکار دەڵێت، تەنیا دەربڕینی ئەو خۆشەویستییە بوو چونکە سەما گوزارشتی جەستەیە بۆ دەربڕین.

بەڵام رووداوەکانی دوای سەماکە ئیتر تەنیا جوڵەیەکی جەستەی سەماکارێک نیە، بەڵکو لەڵاستیدا کاردانەوەکانی پشتەوەی ئەم سەمایە دروست رەنگدانەوەی گۆشەنیگاکانی شارنشینی و بزرکەوتە سیاسی و کەمەڵایەتی و فەرهەنگیەکانیەتی کە جەمسەرە جیاوازە کەمەڵایەتیەکان بۆ ئاراستەی جیاوازو تەنانەت دژ بەیەکیشدا دەنێتە مەیدان! ئەوانەی کە تووڕە بوون و کاریان گەیاند بۆفەتواو هەڵشەکردن و لە خوێن هەڵکەشانی جەستەی ئینسان، دژێن ئەم کلتووروو دابونەریتی ئەم کەمەڵگایەی ئەمە نیەو نابەت رەگەپەدراوبێت. گریمان پاساوەکەی ئەم ئاراستەیە دروستەو کەشکەکەشەی کلتورەو وەک خۆیان دژێن ئەمە کلتوریکی نامەو بێگانەیە بۆ کەمەڵگای ئەمە. کەواتە کلتور چییەو ئەمانە مەبەستیان چ کلتورێکە ؟! هەموومان دەزانین کە کلتور بەشێکە لەسەرخانی کەمەڵگا کە لەگەڵ

ڕەوەندی ئاژۆگەی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی هەر کۆمەڵگایەکدا گرێدانی بەسەردادەت. کلتور بەهەموو ئاو حاڵەت و دیاردانە دەوترێت کە بەدوو فلتەری تەواوکەری یەکتردا تێدەپەڕێت کە ئاویش هەندەکیان بەرهەمی کاری ئینسان و هەندەکیشیان بەرهەمی فکرو بیرکردنەوەمانن. کەواتە سەرتاییترین پرسیار ئاویە کەکلتور لەگەڵ پەرەسەندنی کۆمەڵگای شکل و شیوازو بەرکەوتی جیاواز دەگرێتەخۆ، کلتور حاڵەتێکی سائیدو چەقبەستوو ڕاوەستاوی هیچ کۆمەڵگایەک نیشان نادات. بەڵام هەقیقەت ئاویە کە سروشت و بەرکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگاکان بەو شیوەیە کەهەر بەزوتنەوەیەک گۆشنیگای جیاوازو ئاراستەی جیاوازی هەیە بە تەواوانین لەسەر کلتورە دەورو جگەو ڕەگی کلتور. ڕوانگەیەک هەیە کە پێیوایە کلتور دیاریدەو حاڵەتیکی ڕاوەستاوو جگیرە قابیلی هیچ جۆرە دەستلێدان و پەڕەپێدانیک نیە، ئەم ڕوانگەیە کۆمەڵگا دابەش دەکات بە چاک و خراپ و بە حەڵاڵ و حەرام و... ڕوانگەیەکی تریش هەیە کە پێیوایە کلتور بەردەوام لەحاڵی گۆڕانکاری و ئاژۆگەدایە، دەکرێ ئاوی دونیە بەمقەدەس زانراوێ ئەمڕۆ مەحکوم بێت و ڕەگپێدراو نەبێت. هەبەتە هاوکات لەگەڵ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگادا هەکارگەلێکی سیاسی، ئابووری ، کۆمەڵایەتی و تەنانەت ژینگەیش هەیە کە کاریگەری خۆیان لەسەر چۆنیەتی نیشاندان و نمایشکردنی کلتورەکان دادنین.

بائەمە کلتوری جلوبەرگ لەبەرچاو بگرین و لەخەمان بپرسین کەئایا جلوبەرگی کوردی ئێستاو (50) ساڵ لەمەوبەر هەروەک یەک وایەو هەر هەمانە؟! بەدنیایی نەخێر، (50) ساڵ لەمەوبەر ئەمە تەنیا شرواڵ و مراخانی و ڕانکوجۆغەمان هەبوو، ئیستا ئەگەر نمایشی جلوبەرگ هاوردەکانی چین بکەین لەدوانزیان تەنیا دوو جۆریان لەئابردوودا هەبوو. سەرنج بدەن بازرگانی و سەرمایەگوزاری چ دەورێکی هەیە لە گۆڕین و گۆشەپێدانی ئەم کلتورەدا، با بە ڕوویەکی تردا سەرنجی کلتوری خواردن بدەین و لەخەمان بپرسین ئایا بە ڕاستی ئیستا لەشاری سلێمانیدا تەنیا قوبلی و فاسیلیاو گشت و یاپراخمان هەیە، یان دەیان جۆری تری خواردن خێی خزاندوەتە نیو کەلگاوە. جیاوازیەکە ئاویە لەمەشیاندا دروستکردنی کلتوری خواردن یەکجار لاوازو نەبینراوو ئاوی کە ئەمەش زۆرترین فرەشی هەیە ئاو خواردنە تەقلیدیە کە لەباووباپیرانمانەوە بەمان ماوەتەوە، کە بەدنیایی دیوێکی ئەمش دەگەڕێتەوە بە ئاوی بەرژوازی کورد بازاڕی بەجۆرێک کەنترۆڵ کردووە لەگەڵی هاوردەکردن و سوودو سەرمایەدا دەرفەتێکی بە گۆشەندن و فراوانبوونەوەی کشتوکاڵ و

خواردن و کلتوری خواردن نەهشتووەتەو، دواجار بینەوە سەر سەماو مەسیقای جیاواز لەشێی ئەو نوغکخبە ٥ خوەندەواری ٥ کە پێیوایە بایکەتکردنی مەسیقاو گۆرانی تورکی و ئیران و عەرەبی و... دەتوانێت رێگە بە قوبووونەوەی ئەو تام و چیژە وەرگرێت لەنەو خودی مەسیقاو هونەردا هەیە یا وەک دەڵێن مەسیقایەکی رەسەن بەرهەم دێنن.

هەقیقەت ئەوەیە کەمەسیقا وەک بەشەک لەهونەرو کلتوری هەر کەمەڵگایەک ناتوانرێت دیواری چینی بەدەورا بکێشرێت، ئاخەر بەشەک لەباشترین گۆرانیبێژکانی کەمەڵگای ئێمە وەک حەسەن زیرەک، ماملێ، هەمەر دزەیی... بەشەک لەکارو بەرهەمکانیان لەئاوازو گۆرانی وەتان و ناوچەکانی تروە وەرگیراوە بەبێ ئەوەی کەهیچ کەس بە ناڕەسەن و نامۆ لەقەڵەمیان بدات. هەربۆیە ئەو قسەیەی کەئێمە دەکرێت سەبارەت بەکلتوری نامۆ بۆگانە سەراپا پووچ و بێ ناوەڕۆک و چەقبەستووە.

دواجار دەموەت ئەوە بڵێم کە بەشەک لەم شێی کلتورە نامۆیە درێژکراوەی شێی هەمان ئەو بزووتنەوە کەمەڵایەتیانەیە کە لەرەو لەوە لەسەر زوژەی جیاواز دەنەوە مەیدان و ناتوانریت رێگەیان پێ بگیرێت . تێ ناتوانیت پێڕاوو پانتۆڵ و پێنیرو پایسکیل و ئەپێ و کەمپیوتەرو هاندو جلوبەرگ و خواردنی هاوردە بەکاربهێنیت و کەچی فتوای حەرامبوونی سەماو گۆرانی هەرێک لەو وەتانێ بدەیت، ئێمە چیە وەڵا کلتوریکی نامۆیە. هەربۆیە بەشەک لەم بزوتنەوەیە لە راستیدا کەشکەیان خراپی ئەم سەمایەو سەماکارەک نیە، بەڵکەد ئەوەی لەپشتەوە کەشەیان لەگەڵ شادی، هەڵپەڕکێ و سەما، گۆرانی و مەسیقا و پەیکەرتاشین و ئارایشت ستاتیکاو خۆشەویستی و رەژی خۆشەویستیدا هەیە، بە بەسەمای دوو گەنج ئەوەندێ ناڕەحەت بوون کە ئارامی کەمەڵگایان خستێ بەردەم مەترسییەوە. ئەم شێی کەئێمە لە کەمەڵگادا هەیە درێژکراوەی راوەستانەوەی ئەو دوو بەرەیە کە یەکەکیان ئەم شمشیر بەدەستانێ نوێنرایەتی دەکەن و ئەویتریشیان بەرەیەکە کە تینووی ئازادی بیان و دەربڕین و ئازادی خەنمایشکردن و بیاردانن لەسەر ژیان و چارەنووسی خیان.

دواجار ئەوە بڵێین ئەوە دەتوانن بەبێ لەخوەن هەڵکشانی جەستەی هیچ کەسەک بچوونکانی خەتان رابگەیەنن، بەڵام ناتوانن ریگێ بەدەربڕین و بیرکردنەوەکانی ئەو بەشە لەخەڵکی ئەم کەمەڵگایە بگرن کە تامەزرۆی عیشق و ئازادی و خۆشەویستین

_____

ئەم بابەتە لە هەفتەنامەی هاوڵاتی دا بڵاو کراوەتەوە!

ڕووداوەکان.. تاهیر عیسا

هەژانە ڕووداوێکی جەراوجەر ڕووددەن و لەدوان و قسەی جەراوجەریش لەسەر ڕووداوە ناوچەییە هەنووکەیی ومێژووییەکان، دەبیستین و دەخوێنینەوە! کە مرۆڤ گوێ بیستیان دەبێت یان دەیانخوێنێتەوە، کەم وزۆر حەزبەوە دەکات، ئاو نەزەرو بۆچوونی خۆی لەسەریان بدات و خۆی و ناخ ودەروونی خۆی کە پێ دەبێت، بۆتاکەتەوە و دەردە دڵیەکانی خۆی بڵێت وبنوسێت، بۆتایبەت کوردزمانان، کە جیاواز لەتەوای هەگەز زمانەکانی دیکەی ئەم هەسارەیە، بەهەل ومەرجێکی زۆر جیاوازترو لەگەڵ دەسەڵات و حکومەتێکی زۆر جیاواز تر لەوانی دیکە
ژیان دەگوزەرێنن و هەژانە لەگەڵ تێپەڕینی سات بەساتی ژیان، ڕووداوەکان وهەڵوێستەکانیان نیگەران وناهەحەتمان دەکەن!؟
بۆیە بۆتایبەت بە کرێکارێک، کە زۆربەی کاتەکانی، لە هەنج و زەحمەدایە بە بژێوی خۆی وخێزان و فەراهەمکردنی پێداویستیەکانی ژیانی هەژانەکەی، قورسە بتوانێت لەسەر تەواوی ئەو ڕووداوانەو هەڵوێستی سەرانی حیزبی و حکومیی هەرێمی کوردستان، شتێک بڵێت یان بنوسێت.
نە کات یارمەتی دەرە و نە هەندێک جاران حەوسەڵەش!
هەندێک جار پشو و کاتی بێشی بێکاریی و دوور لە هەنجدانیش کە بەهەسمی وەریدەگریت، هەندە تامەزرۆی بەسەربردنی کاتی پشووکانتی، لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت، دوور لەدەست وهاوڕێیان چونکە کەناو هەل ومەرجە دژوارەکەی ئەمڕۆکە، ئەو ماف و ویست و حەزە کەمایەتیەیان لەوەرگرتوینەتەوە کە بتوانین لە دەرفەتی پشو و بێکاریەکانماندا، تێکەڵ بین و لەو بەشایانە کێک وەرگرین و بەحەوسەڵەیی وگرە دەرونیەکانمان بەوەنینەوە، بۆیە فریای ئەوە ناکەوین، لەبیرکردنەوەیەکی سالم و موسڵمەدا،شتێک بێیت یان بنووسیت!
ئەوەی دەمەوێت ئەمڕۆکە، شتێکی خراو سەرپێیان لەسەر بێم، بەسەرکردنەوەی پانەامای چەند هەواڵ ولەدوانی لەپرسراو و سەرانی عاجباتیی هەرێمی کوردستانە، لەپێویست بە ڕووداوەکانی کوردستان و ناوچەکەو جیهان، کە لەسەر هەر پرس و ڕوودواەکدا، قسەو لەدوانی

زۆر هەڵدەگرێت، بەڵام من دەموەت، بەخرایی بەسریاندا تێپەڕم و بەسریان کەموە!
کە لە دەستپێکی هەموویانەدا چەند جار لەمەو بەر گرتن و ئاوەدوونانی هاوڕێگەزخوازەکان بوو، لەژێر ناوی یاسا شکێنی ولێشفرێشیدا، کە لەئاستیدا لەپاڵ ئەم دریێدا کە تەنیا بە چاوبەستەکی دنیای دەرەوەی خێیان بوو، دەنا خودی حکومەت وحیزبەکانیان، جارنەبوو بەردەوام لە یاساشکێنیدان و جانامەی گەردوونیەکانی مافی مرۆڤ پشێل دەکەن، هەر لەپێیوەست بەجارنامەوانان و کوشتنیان و زیندانی کردنی چەندسالەی بە بنەمای یاسایی دوور لەیاسا ستانداردییە نودەوڵەتیەکان، کە خودی خێیان و حکومەت و سیستەمەکێیان و برسیکردنی خەڵک و لەبەینی موچەو نەدانی وەک پێویست لەکاتی خێیدا، هەکار گەلەکن، بە پەردان ونەش ونمای دیاردەی لێشفرێشی و زۆر لەکەوتەی خراپی کەمایەتی تر، پەلاماریان دان، کە کەمەگای کوردستانی لەووی هەوەست وکاردانەوەدا کرد بەدوو بەر، بەرێیەکی بەرفراوان و بەهێز لە کۆنەپەرەستیی و دواکەوتویی نەریتی و دینی، بەرێیەکی دیکەی سوکولارو ئازادیخواز، بەڵام لاوازو شەرمن لەدەربەینی هەوەستدا.
بەرەی کۆنەپەرەستی، کەهاوڕێگەزخوازیی بە هەمەو بەلەسبیان، سەکسوالیەوە، دوور لەلەکدانەوەی زانستیانەی سەردەمدا، بەمەسەلەی لادان لەڕەوشت و ئاکاری کەمایەتی دەبینێت و ناتوانێت لەوە تێبگات کە ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی تەواو بایەلۆجییەو هیچ پێیوەندی بەڕەوشت و لادانەوە نییە، خە هەتا ئەو جێگایش پێیوەندی بەلادانەوە هەبێت، ئەوا کەمەگا نەریتیە دینیە داخراوەکانن، کە کوردستانیش لەم شەوە نەریتیە بەدوور نییە، هەکارەکە بە کەبت و ئامکردنی سروشتیانەی سەکسکردن، لەقەناغە هەستیارەکانی هەرزەکاریداو ڕێگریکردنی کەمەگاو نەریت وڕەسای یاساکانی لە پاکتیکی سروشتیانەی غەریزە سەکسیەکان لە هەردوو ڕێگەزی جیاوازداو، سنووردانان لەنێوان هەردوو ڕێگەزی نێرو مێداو دانانی هەڵی سوور لە نێوانیاندا، کە دواجار دەبێتە هەکاری لادان لە موماڕەسەکردنداو هەندەکیش لەم ناوەدا وەک ڕێگەزی هاوتا کە زیاترینیان وەک دیاردە لەناو ڕێگەزی نێردا دەردەکەوێت، واتە هەمە، دەکرێنە قوربانی ئەم کەش و هەوایەو دەخزێنرێنە ناوهاوڕێگەزبازیەوەو ئامودەو ئیدمان دەکرێن، پەرەگرتنی سەکسی بەربەاو لەگەڕ ئاژەڵانیش بەرهەمی بەشەک لەو ئامکردن وکەبتی جنسیی وغەریزەییە، لەکەمەگا نەریتیەکاندا.
من وەک خەم، کاتەک دەبینم هەمە سەکسوالەکان واتە دووپیاو خەریکن دەم دەخەنە ناو دەمی یەکترەوە، خەریکە هەڵنجم دە ودەشەمەوە،

بەڵام ئەم حاڵەتە هەستیەم و لەگوین هەڵنج هاتنەم، لەجیاتی ئەوەی خوێندنەوە لەکەدانەوەی زانستیانەی دیکەی پشتی ئەم دیاردەیە هەبگرێت، ناکرێت، ڕەت بکرێتەوە وەک دیاردەیەکی جێگای بەڕێزی پێکردنیان تەماشا بکرێت، زۆر بەدواداچوون وپرسیارو گۆڕان بەدوای هۆکارکانی، دەتوانی لەوە تێبگەی کە ئەم دیاردەیە،دیاردەیەکی تەواو بایەلۆجیەو لەجیهانی ڕۆژئاوادا، بەماوەیەک وەک نەخۆشی دەروونی تەماشادەکراو بە چەند ساڵ دەخرانە نەخۆشخانەوەو دەرمان وعیلاجیان بەدەردا، بەڵام بە ئەنجام بوو، بەیە بە نەتیجە، دوای لەکۆینەوەو پشکنین وگۆشەکردنی زانستی پزیشکی وبایەلۆجی، بەو ئاکامە گەیشتن، کە دەبێت بیاساو، وەڵامی ئەم دیاردەیە بدرێتەوە و وەک کەسانی ئاسایی لەکەمەگادا تەماشابکرێن.
من ویستم زۆر لەسەر ئەم بابەتە پەیا بکەم وبینووسم، بەڵام بابەتێکی تەرو تەسەلی هاوێیەک، بەناوی " ماریا کارگەر" کە لەهەندێک سایدە ئەلەکتڕۆنیەکاندا و بەتایبەتیش لەهاوپشتیدا بڵاو بەتەوە، تەواو سەرنجی ڕاکێشام و منیش سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشم، کە بابەتێکی تەواو زانستیەو نوسەر هەوڵی داوە لەووی زانستیەوە تەواو وەڵام بەم بابەتە بداتەوە .
ئەوەی لە وەی پێشووش زیاتر نیگەرانی کردم، لەدوانێکی مەسرور بارزانی بوو وەک سەرکی حکومەت لەپەیوەند بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەری کوردی و تێپەربوونی 123 ساڵ بەسەر یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستاندا کە گووتی:" حکومەتی هەرێم کاری بۆ زیاتر چەسپاندنی بنەماکانی ئازادی میدیایی و دیموکراسیی کردووە"
منیش، لە ناخ و دەروونمدا، هەشتا، لەبەرامبەر ئەو هەموو ڕۆژنامەوانانەی کە بەدەستی ئەم لەپرسراوو کاربەدەستە حیزبی و حکومیی وبنەماڵەییانە، تیرۆرکراون، قەهرو خەفەت لە تەداچون و تیرۆرکردنیان دەخەم و کەیس و پەروەندەو دەسیکانیان، لەلایەن ئەم جنابانەوە بۆ یەکجاری داخراون، کەچی لەوڵاوە لەدوانێکی لەمجۆرە تووڕەو نیگەران وناڕەحەتت دەکات وناچاریی بۆ دەردەدێیش بێت ئاگەر تەنانەت لە ژوورێکی بۆتالیش بێت، بەچەند وشەو هەستێک دایەڕژێت و بەخێت و بەدەنگی خێت بیەیتەوەو دەرونت خاڵی بکەیت، خە ئاگەریش دەرفەت بوو، لەگۆشەیکدا یان لە سووچی سایدێکی ئەلەکتڕۆنیدا، بەمافتیانی زانی، بێت بەاو بکرێتەوە، ئەوا خە ئاگەر لانیکەم، دەکەسیش بیخوێننەوە، هەشتا باشترە لەوەی خێت بە خێت و ناخی خێت بیگەیتەوەو بیەیتەوە!
کاتێک ئەو لەدوانەی مەسرور بارزانیم، خوێندەوە، خەم لەخەمم پرسی، ئاخە دەبێت مسرور زۆر گەمژە بێت ، دوای ئەم هەموو تیرۆرو غەدرو غدورەی لەڕۆژنامەوانان کراوە، کەچی لەدوانێکی لەمجۆرە چماناو

مەغزایەکی هەیە؟
یان ئەو مەسرور بارزانیە ئەمەی زەر پە گەمژەیە کە لەدوانەکی لەمجەرەمان بەدەدات!؟
لەبیرکردنەوەیەکی زەرو ەەچوونم لەناو خەیاڵدانی خەمدا، دواتر بەو ئاکامە گەیشتم، نا، ئەو ئەو نییە گەمژەیە، بەڵکو، ئەو ئەمەین گەمژەین، دەنا، ئەو دوای ئەو هەموو باکگراوەندە ناشیرینە حیزبی وحکومی و بنەماەییە، ئەمەکە نەیدەتوانی وەک سەرەکی حکومەت، لەو پگەیەدا بەت وئەو لەدوانە تەواو ناڕاستە و تەواو پچەوانەیەش بەدات، نەیدەتوانی دوای ئەو هە موو تیرەرەی کە تەنیا لەلایەن مەسرورو بنەماەو حیزبەکەی وها پەیمانەکانیانەو کراوە، وەک سەرەکی حکومەت ئەو لەدوانە بدات!
لەهەمان ئان وساتی خوێندنەوەی لەدوانی سەرەکی حکومەتدا، بیرم بە لای زەر شت چوو، لەوانە بیرم بە لای دایک و باوک وکەس وکارو دەست و ئازیزانی هەموو ئەوانە چوو کە هەم لە ەابردووداو هەم لەئەمەدا بەدەستی ئەم حوکمەانانە تیرەرکراون، یان ئازارو ئەشکەنجە دراون، یان سزای ناەەوای زیندانیان بەبەاوەتەوە لەهەمان کاتیشدا لەدوان وەاگەیاندنەکی لەمجەرەی سەرەکی دەزگایەکی هەستیاری نیشتمانە دزراوەکیان دەبیستن، پرسیارم لەخەمم کرد، دەبەت هەست ونەست و شعووری ئەوان لەبەرامبەر خوێندنەوەو بیستنیدا چەن بەت؟؟
ەەئەوف ئاکرەیی، بەچی و لەسەرچی تیرەرکرا ؟ ئەی ەەناسی زەحمەتکەشان؟ ئەی نەزیر عومەری کەمانیست؟ ئەی ئەبو نەسیری شیوعی و دکتەر نافیع ئاکرەی و عەلی کوخی و ویدات حوسەن و شوکری زەینەدین و سەرانی مامەحەمە و تاهیر ستار شەریف و فەرهاد فەرەج و سەردەشت عوسمان و کاوەگەرمیانی و ، … دەیانی دیکە، لەسەر کام بنەمای دیموکەاسی، کە زنجیرەکەو لەسایەی حوکمی مافیایی و دژە ئازادی ئەم ناجەنابانە، لەکوتایی نایەت، بە تیرەرکران؟ بە چەسپاندنی دیموکەاسیی و ئازادی ەەژنامەگەریی و میدیایی، یان بە هەنوکەیەک، کە بتوانن، دەم ودەنگی خەەکی ئازادیخوازی ناەازیی پە کپ وبەدەنگ بکەن و بەئارەزو و حەزو ویستی خەیان، زوەم و زەرو چەوساندنەوەی سەدان هەزارکەکارو زەحمەتکەشی کوردستانی، پە درێژە پەبدەن و پەرژینی پارەزگاریی لەحوکم وبنەماەیی فاسیدو موفسیدو سەرمایەکانیان، بەرجەستە و قایم بکەن؟؟
خە لەیادی ئەنفالەکان وکیمیابارانی هەەبجەدا، لەدوان و یادەکانیان، جگەلە هەراسان کردن و تەکدانی باری دەروونیمان، هیچی ترمان بە ناهەنەوە، کە پشکی شەری هەموو ئەو بەاو موسیبەتیانەی بەسەر خەەکی کوردستانیان هەنا، لەپەناوی درەی ەزگاری نیشتمانی و چارەسەری کەشەی میللی خەەکی کوردستان، کە ئەمەکە حاڵی خەەک و

ووداوەکان و ناڕازایەتیەکانی ئابردو و خواست و داواکاریەکانیان و وەڵام بگوڵیان لەحەقدەی شوبات و دواتریشدا، شاهیدی حاڵ، کە چ ئامانج و ستراتیژێک لەپشتی درکانیان بوو.
هەر وەک چۆن لەیادی کارەساتی شوومی شەنگالیشدا، کە ئەم جەنابانەی تەدا تاوانبارو هەکاربوون لەووداندا و شەنگالیان خستە قورگی ئژدیهایەکی وەک داعشەوە، بەڵام لەیادکانیدا، فرمێسکی تیمساحییان بە دەڕژن و هەندەی ئاستی تژیدیایی ووداوکەو قزونی ووداوکە،دووبارە بەدرکانیان هەراسان وناڕحەتمان دەکەنەوە.
ووداوکی تاژیدی مژوویی دیکە، جینسایدی سەدسالەمو بەری ئەرمەنیکان، بەدەستی خەلافەتی ئیسلامی عوسمانی، کە لە 24 نیسانی 1915 وە هەتا 1923 درێژەی کێشاوە، کە تیایدا هەزاران هەزار کەسیان لەمناو وگەنج وپیر، هەر لەسەر بنەمای هەویەی دینی بە دڕندانەترین شێوە و جۆرەها شکە وشێوەی کوشتن وتەعزیب و دڕکردنیان ولەبرسان کوشتنیان لەڕێگای دوورو درێژی هەزاران کیلەمەتری کەڵەویدا، بەشکی دیکەیە، لەبوونیەی ئایدیالەجیای ئیسلامی محەمەدی و دەندایەتیەکانی.
ئەوەی لەم ووداوە مژوویی تاژیدیایدا، جگای پکەنینکی ئازاربەخشە، داواکاری پەڵەمانتارکی پشووی فاکسیەنی ئەرمەنیە لەپەڵەمانی کوردستان، بەناوی "یروانت نیسان مارکەس" بە بەسمیەت ناساندنی جینسایدو کوشتاری ئەرمەنیکان لەلایەن تورکە عوسمانیکانەوە، کە شەش ساڵ لەمو بەر لەسەدەمین ساڵەژی جینسایدی ئەرمەنیکاندا، بەئیمزای 39 پەڵەمانتار پێژە یاسایکیان پشکەش کردووەو بەڵام هەتا ئێستاش وەڵامی پێژکیان نەدراوەتەوە، ئەم دەڵەت، خەی پاشماوەی قەتە وعامی ئەرمەنیکانە، کە باپیرەی نە ساڵان بووە کە لەتورکیاوە بەتەنیا ئاوارەبووەو ەوی لەزاخە کردوەو نەیزانیو باوک و دایک وبراو خوشک وکەس وکارکەی چییان لەبەسەرهاتوە، کوژراون یان لەشەونخونی و برسێتی پیادەڕەوی دووردا گیانیان سپاردووە، ئەو دەڵەت ئەو ونبونەی ونبون ئیتر هەرگیز نەبینراونەتەوە، ئەوەی بە من جگای سەرنج وسەرسوڕمان بوو، داواکاری ئەم پەڵەمانتارەی ئەرمەنکانە لەپەڵەمانی کوردستان، بە بەسمیەت ناساندنی جینسایدی ئەرمەنکان، نازانم، چۆن و بچمەنتقەک ئەم برادەرە ئەرمەنە، داواکاریکی لەمجۆرەی لە پەڵەمانک هەیە، کە ئاغاکانی بە تەوالەتکردنیشیان دەبێت مەڵت لە ئەردەغان وەرگرن!؟
ئەمەش هەواڵکی دڵتەزێنم، لە پێویست بە ئاگرکەوتنەوەی نەخشانەیکی کەڵەنای شاری بەغدا بیست، کە ووداوکە هەتا دەم

هەنە تاژیدیایی و غەمئاوارو مایی نیگرانی قووی هەر ئینسانکی شافتمندە، بەام دووبارە و ئەمجارش لەدوانکی سەرکی هەرەم، نەچیرڤان بارزانی، مایی پکەنینکی نیگران هنرە، ئو داوای لەکەینوی ەوداوکو لەپەچینوی بەرپرسکانی نەخشانکە دکات وخوازیارە ئوانی کەمتەرخەمی کوتنوی ئاگرکن، لەپەچینویا لەگەدا بکرت و سزا بدرن! باشە هتا ئرە ئمش هاوای نەچیرڤان بارزانین، لەسەر لەکەینوو لەپرسینوو بەسزاگیاندنی هەموو ئوانی لەم کارساتدا کەمتەرخەم ولاموبالات بوون!
بەام ئم لەدوانە بە کسک دروستو شیاو گونجاوە کە خی لەپیوست بەهاوشوی ئم ەوداوانە، پاشە وباشخانی پاک بت!
ئو دبت پش ئوی لەدوانی لەمجرە بدات، ئاگای لەپشینی ئیدارەی هەرەمکی خی بت، کە ماویک بدەرمانی ئکسپایەر، واتە بسەرچوو چاوی چندین کسیان لە نەخشانکانی هەلەردا کوەر کرد، جنابی نەچیرڤان بارزانی ، کە هەردەم لە موقیعیتی لەپرسراوتی باایی دابووە، پمان نابت، کیان لەسەر ئم تاوانە و ئم نابەرپرسیارتیی نەخشانکان و دەرمان و قاچاخچتی بدەرمانی بسەرچودا، خستە بەردەم دادگاو لەپەچینوە؟
ئی جنابی نەچیر بارزانی، پمان نابت، سا نییە، لەناو جرگی شاری هەولەردا کەمەک دووکانی ناو قیسریکانی هەولەر گنگرن و کەل وپەل وکاکانیان نبنە قربروت و خاونکانیشیان نینە سەر ساجی عەلی ونژنە ناو چینی هژاران ونەدارانەوە، لەپرسینویان لەگە کدا کردووو کشیان لە زررو زیانکانی قربوو کردتوە!؟

تاهیر عیسا/25.04.2021

زردەپت پیرز!.. شیعر/کاوە عوسمان عومەر

وشی منە، ئاسمانی..
بت کردوتە ەنگاە ئوارە،،

چی خەیاڵکی قەشەنگە،
ەوخساری ئاوییت،
لە ژێر نمە ئاورینگە،
شەپۆلەکانی کەناربھێنە و بیبا..،
لە نەگەیشتنت،،
بە سەفەری تا هەتاهەتام،،
نەتای پەنجەی فریشتە نەبیراوەکان،
لەسەر لەوی تەڵی گیای خەوتووی..
ژێر پرچی پرتەقاڵی ئەوارێک،،
بانگت ئەکات،
بە ژێر سەمای گەردەلوولە..
لە گەڵای پایزانە،
هەناسەی شیعر بوو،،
تەی نوسیەوە،
لە پەرتوکە،،
لە ئاوازی غوربەت،،
کەناردەریا، ئەستا پەشاکی..
لە ڕەنگی لەوت پەشیوە،
ئای! سەرگەردانیی بەم ئەوارانی..
ئەفسوناوی سەرکەنارە،،
چی سەمەرەیەکی بەچژە!،،
با باران ڕەح بشوات،،
لە ئەشکەنجە و ئازاری مرۆڤ گومەاکان،،،
من لە ژێر پەڵوی هەورە بوهەیمیەکان،،
جەستەم پە نمەی پیرەزی یاخیبوونە!
هەر تنۆکە ئاورینگە ،
چرایەکە ،،،
لەسەر ڕەگام بەرەو زەرپەڕ.
هەر نیگایەکت،
ئاسمانکی ئەفسوونیە،
بە هەزاران خەری داگیرساو ،
زەردەپەڕت پیرەز !، ئازیز…
گەڵا پەمەیکانی پایز ،
لە نەبونیشتا ، چرپاندیان،،
زەردەپەڕت پیرەز،
هاتنت،
خەیاڵ،

بوونی هەردوکمان،
ژێر ئەم زەردەپەڕە، خەیاڵەت..
چارەنوس، با وازلێبهێنین،،
ساتە وەختێکی سیحرە، ئێستا،
دوو پەروانەی خەیاڵ بین، ئێستا..
شنەبایەک،
بە جوانیەکی شەرابی هەورەکانا...
بمانهێنە و بمانبا...
با خەیاڵەم بیت، با خەیاڵەت بم..
لە ژێر ئەم ساتەوەختی زەردەپەڕە ،،
زەردەپەڕەت پیرەز، ئازیز..
پیرەزت بە، زەردەپەڕە !..

.....

وێنەکە کارێکی هونەری فۆتۆگرافەری ئیسپانی
(Latya Prunkova)
بە سوپاسەوە لە پەیجی فەرمی خۆی وەرگیراوە

جگەرەکێت هەڵکە.. ســـــــــوهێلا مەهەمی

دەستێک بهێنە بە پێستمدا
نەرم
بە مەمک و لەو و
قژەکانمدا
شێت.

بە ئەم شیعرەدا
کە ئازای ئەنامی ئاهەزە.

جگەرەکێت هەڵکە
لە هەناموو تی هەتاوێک
کە ناوی بە تەنیە.

خەریکە خەسار بە
لە خەمدا
خەیاڵکی ووت
بە شاوەتی شەوکەوە و
تامی تاوانی تەماشایەکت
کە نەمکرد.

تەنانەت بە یەکجاریش
ناگاتە دەستکانم
قژپچڕی کراسکەت
بە ئەوڕی ئاگادار بی
بە کلیلی وشکانەوە
دەڕێتە ماڵی شیعرەوە

بەنی لا ملی وشەیک
وشاوەتە
ئەم ئەوارانە
کە هەنارە و هەر پاییز
لە خەڵا
بارانکی بە پڵەم و
(باران)ە قاوەییەکانم خەش دەوە.

سنە
سوهەیلا مەهەمی

بەبەنەی یەکـــی ئایـــارەوە.. ەکخراوی بەدیلی کەمەنیستی لە عەراق

ەکخراوبوون ئامازی یەکلاکەرەوەی خەباتی چینی کرێکارە

دوای چەند ڕۆژێکی تر پەشوازی دەکەین لە یەکی ئایار، ڕۆژی هاوپشتی نەوەتەوەیی چینی کرێکار. چینێک کە خەی و تواڕۆ جیاجیاکانی لە جیهاندا ڕووبەڕووی جۆرەها کوێرەوەری، گرفتی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی، وە نەبوونی ئارامی و ئاسایش. ئەمە لە کاتێکیشدایە کە هەشتا پەتای کۆرۆنا ڕۆژانە ژیانی هەزاران دروێندەکات، کە زوربەی هەرزەری قوربانیەکانی لە چینی کرێکار و ئەو جەماوەرییە کە هەژاری و بێبەشی بەسەریا سەپاوە.
چینی کرێکار و تواوی توێژ و بەشەکانی لە مەیدانی عەقڵانیەتدا دژایەتی بەدەست دژواریی ئابووریەکان و بێکاری و خراپی باری گوزەران و پەتای کۆرۆنا و ئاکامەکانی، دژایەتی بەدەست کەمی خزمەتگوزاری گشتی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خوێندنەوە، دژایەتی بەدەست تیرۆر و ملهوڕی میلیشیاکان و سەرکوتی ژەمی بورژوا ئیسلامی و قەومیەوە. سەرباری هەموو ئەمانەش دژایەتی بەدەست کاریگەری ململانێی نێوان دەوڵەتان و جەمسەرە ئیمپریالیستە جیهانی و ناوچەییەکانەوە، بەتایبەت ئەو ململانێیەی لە ئارادایە لەنێوان ئەمریکا و ئێران لەناو عێراقدا.
بورژوازی فەرمانڕەوا و هاوپشتە نودەوڵەتیەکانی، سەرقاڵی سەقامگیرکردنی بورژوازی و پایەڕۆکردنی دکتاتوریەتی سیستماتیکی دەوڵەتن، بە ڕەخشکردن لەبەردەم بوژانەوەیەکی تر لە کێڵگەی سەرمایە و دزی و تاڵانی و سەرکوتی خەبات و بەرگری کرێکاران و زەحمەتکێشان. بەیە دەبینین پاڵدەکەن لە جێبەجێکردنی سیاسەتە ئابووریەکانی نیولیبرالیزم و بەرفراوانکردنیشی لەگەڵ پرۆژەی "وەرەقەی سپی"ەوە، کە سیاسەتگەلێکە توند کردنەوەی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و جەماوەری ڕەنجبەری کردەتە ئامانج، لەگەڵ هەژارکردنی زیاتریان و سەپاندنی بێکارییەکی بەرفراوان بەسەریاندا.
لە ئێستادا، لەگەڵ نەهامەتیەکانی پەتای کۆرۆنا و دەرئەنجامە ئابووریەکانی بە کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێبەشکراوان، وە بە هیچ جۆرە قەرەبووکردنەوەیەکی حکومەتیش بە زیان لەکەوتوان، حکومەتکەی کازمی هەساوە بە داشکاندنی بەهای دینار بەرامبەر بە دۆلار، کە زەر بە خرایی و هەمەلایەنە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئاستی گوزەرانی بەشی هەرە زەری جەماوەری بەرەو داووخانکی زیاتر بردوە، ئەمە و هەستاویش بە بینینی بەشێک لە مووچە و کرێی کارمەندانی کەرتی گشتی.
حکومەتی هەرەمی کوردستانیش، ساڵانکی زەرە و بە بەردەوامی خەی دەدزێتەوە لە پێدانی مووچەی کارمەندان و کرێکارانی کەرتی گشتی بە چەند مانگێک لەهەر ساڵێکدا، جگە لە بینینی تا ڕادەی ٢١%ی یش لە موچەکان، بەبێ گوێدانە ناڕەزایەتی بەردەوامی کرێکاران و

فەرمانبەران و مامۆستایان. ئەم و حیزبە دەسەڵاتدارەکانی هەرێم و حزبەکانی ناو حکومەتی ناوەندیش بە مەرامی سیاسی جەراوجێر، لەوانە بە هەمەتی هەڵبژاردنەکان، یاری دەکەن بە مەسەلەی پەدانی مووچەی کارمەندان و کرێکارانی هەرێمی کوردستان.
چەرمەسەریەکانی ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش؛ لە بێکاری و هەڵاواردن و دەستدرێژکردن بەسەریان، لەژێر سایەی ئەم بارودۆخەدا زیاتر سەختترە، بەتایبەتی لە کەرتی تایبەتیدا. ژنان، بەتایبەت ژنانی کرێکار و زەحمەتکێش، لە سەراسەری عێراقدا هەوبەووی کوشتن و تووندوتیژی، پەراوێزخستن و سوکایەتین. هەرێمی کوردستانیش سانکە بەتە گەستانکی گەورە بە ژنان، بەتایبەتی کە هێژیک تێناپەڕێت و ژنێک یان کچێک تیایدا نەکوژرێت وە یا خێی نەکوژێت.
لەبەرامبەر ئەم هەموو تراژیدیا و نەهامەتیانەدا، چینی کرێکار و تووێژە جیاجیاکانی و زەحمەتکێشانیش دەستوەستان ماونەتەوە، بەڵکو لە ماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوودا لە جەنگێکی چینایەتی بەردەوامدان بە بەرگریکردن لەخۆ، بەپێی جیاجیا لە هێز و بەرفراوانی، لە شێوەی خۆپیشاندان و بزوتنەوەی ناڕازایەتی و خەباتە کرێکارییەکان و هەوڵە ڕێکخراوییەیە جەراوجێرەکاندا.
سەرباری هەموو هێگری و جەرەها سەختیەکیش، لە ساڵی (٢٠٠٣)وە خەباتی کرێکارانی سەندیکایی و بزووتنەوەی سەندیکایی لە عێراقدا هەر بەردەوام بووە. کرێکارانی کەرتی پیشەسازی بەووچان بەشێوازی خەباتی جەراوجێر دژ بە سیاسەتی ئابووری دەوڵەت ڕاوەستاون. هەروەها کرێکارانی گرێبەست و مامۆستایانی وانەبێژی خەبێخش و دەرچوانی پەیمانگە و زانکۆکان و هێگرانی بەوانامەی باڵا، بەردەوام لە هێگەی بەرخستنی ناڕازایەتی و خۆپیشاندانەکانەوە داواکاری دامەزراندن و بەدەستهێنانی هەڵی کارن، بەجۆرێک کە ناڕازایەتی کرێکاران و زەحمەتکێشان و بێکارانی کچ و کۆ، بەهەموو شکڵ و شێوازەکانیەوە لەم ساڵانەی دواییدا بووە بە دیاردەیەکی هێژانە و گەڕا بە خۆپیشاندانی جەماوەری سیاسی بەرفراوان، کە هەر ئەمەش هێزی سەرەکی بوو لە سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی ئۆکتوبەردا.
چاڵەنجی سەرەکی بە چینی کرێکار زاڵبوونە بەسەر پەرشوبڵاوی ڕێزەکانی و هێکخستنی خەباتکانیەتی لە ڕێکخراوە جەماوەریە کرێکارییەکاندا بە هێزەکاندا بە ئاسێکی چینایەتی کرێکاری سەربەخۆ لە سەراسەری وڵاتدا.
بورژوازی فەرمانڕەوا بەهەموو هێزەوە و حیزبە ئیسلامی و قەومی و لیبراڵەکانیەوە سەرقاڵی لەناوبرنی وزەی شۆشگێڕانەی کرێکاران و زەحمەتکێشان و پارچەپارچەکردنی ڕیزی خەباتی چینایەتیانە لەسەر بنەمای تائیفە و نەتەوە و هێگز و هێنگی پەست و ئاین و... هتد. وە

هاوەدەدات قناعەتیان پێبکا تا ئاوات و ئارەزوەکانیان هەواسن بە هەندێ یفورمی شکڵی و هەبژاردنی پێ لە ساختکاریەوە.
چالاکوانان و ئابڕانی بزووتنەوەی کرێکاری، پێویستیان بەوەیە کە ئاسۆی سیاسی چینایەتی کرێکاری سۆشیالیستی نوێنەرایەتی بگرنەبەر، بە هاوبەشووبڵاوەی بۆرژوازی و هێکخستن و ئاراستەکردنی خەباتەکانی چینی کرێکار و ئامادەکردنی بە ئابڕایەتی کردنی پرۆسەی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە لەسەر ئاستی کۆمەڵگەدا.
ئەی جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش
هەناوەدی گۆڕانکاری ڕیشەیی لەدەستی خەتاندایە، ئەوە پەرەپێدانی خەباتی سەربەخۆی چینایەتیتان و پایەڕێی بزووتنەوەیەکی کرێکاری هێکخراو و بەهێز کە لە توانایدایە نەخشەی هێڵەکی سیاسی تازە بکێشێت لە عێراقدا، وە بدیلێکی سیاسی کرێکاری جێگیر بکات لە جێگەی ئەم ژەمە سیاسیە فەرمانڕەوایە.
هێزتان لە هێکخراوبوونی یەکگرتووانەدایە، ئەوە ئیرادەی سیاسی هێکخراوتانە بە ئاسایەکی سۆشیالیستیەوە کە زامنی دامەزراندنی حکومەتێکی کرێکاری و هەناوەدی شۆڕشی سۆشیالیستیە.
با لە یەکی ئایاردا پەرچەمی هێکخستن و یەکگرتووکردنی خەباتی کرێکاران بەرزکەینەوە و بزووتنەوەیەکی کرێکاری بەتوانا بونیاتبنێین.
با داواکارییە دەستبەجێکانمان بەرزکەینەوە:
• بیمەی بێکاری بۆ هەر کەسێکی بێکار، ژن یا پیاو.
• هەوڵشانەوەی بەیاری گشتینی بۆهای دراوی عێراقی لەبەرامبەر دۆلاردا.
• پەڕەدانی مووچەی کرێکاران و کارمەندان بە تەواوی و بە دواکەوتن.
• قەرەبووکردنەوەی هەر کەسێک لە ئاکامی کارەنتینەدا سەرچاوەی گوزەرانی لەدەستدابێت.
• هەوڵشانەوەی سیاسەتکانی پریقاتیزەکردنی پرۆژە پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانی سەربە کەرتی گشتی، وە هێنانەدان بە دەرکردنی کرێکاران تیاياندا.
• داشتن و کارکردن بە یاساکانی نەهێشتنی سەرکوت و توندوتیژی دژ بە ژنان.
• دەوڵەت پێویستە هەستێت بە دابین کردنی سیستەمێکی تەندروستی گشتی هاوچەرخ و پێشکەوتوو، کە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و پارێزگاری و چاودێری کۆمەڵایەتی بە هەموان بە خۆڕایی دابین بکات.
• ئازادکردنی دەستبەجێی هەموو فەرمانڕەواوان و گیراوە سیاسیەکان لە زیندانەکانی دەسەڵات و ئەو شوێنانەی سەر بە میلیشیاکانی دەسەڵاتن.
بڕی یەکی ئایار، هێزی هاوپشتی نوێنەرایەتی چینی کرێکار

بژی سۆشیالیزم

□□کخراوی بۆدیلی کۆمۆنیستی لە عێراق
٢٠٢١-٤-٢٢

لە یانزەمین ساڵڕۆژی تیرۆری سەردەشت عوسمان دا

خەبات لە دژی زوڵم و ستەمکاری دژ بە دەسەڵاتی بنەماڵەیی و تاڵانچی درێژەی هەیە!
بەم بۆنەیەوە حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی کوردستان، □□کخراوی دێرەوە، هەڵدەستێت بە سازدانی خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی بە بەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە لەندەن.
کات: □□ژی سێ شەممە □□کەوتی ٤/٥/٢٠٢١
کاتژمێر: ١ی پاش نیوەڕۆ
شوێن
بەردەم نوسینگەی حکومەتی هەرێم لە لەندەن
Hobart place,Belgravia 2
London SW1W 0HU
نزیکترین ئێستگای شەمەندەفەر
Victoria Station یان Hyde Park Corner
١١ ساڵ لەمەوبەر سەردەشت عوسمان لە پلانێکی تیرۆریستانەدا، دەفڕێت و پاشان بە کوژراوی جەستەکەی فڕێدەدرێت. بەدوای ئەم □□داوەدا تووڕەیی و ناڕەزایەتیەکی جەماوەری لە ئاستی سەراسەری کوردستاندا هاتە مەیدانەوە و ئەم تیرۆر و ئینسانکوژیەی مەحکوم کرد. بەڵام دوای ئەم هەموو ساڵە حکومەت و دەزگا بەرپرسەکان، نەک هەر بکوژانی سەردەشت و باقی قوربانیانی دەستی تیرۆریان ئاشکرا و دەستگیرنەکردوە، بەڵکو دەسەڵاتدارانی بنەماڵە و تاڵانچی بەردەوامن لە سەرکوت و هەڕەشە و پێلامار بە سەر ئازادی و کوشتن و گرتن و سزادانی هەڵسوڕاوان و ئازادیخوازان.
کۆڕایە با پێکەوە یادی سەردەشت عوسمان و سەرجەم گیانبەختکردوانی خەبیشاندانکانی کوردستان کە لە پێناو ئازادی و ژیانێکی ئاسودە و

خۆشگوزەران بە خەڵکی کوردستاندا ژیانیان سپارد، بکەینە هەژی هاتنەمەیدان و ناڕازایەتی دەربڕین بەووی ئەم تاوانانەدا، با پێکەوە سنورێك بە ملهوڕی و تیرەر و کوشتار و بەسزاگەیاندنی ئەنجامدەرانی دابنێین. با ئەم یادە بکەینە هەژی بەرەنگاربوونەوەی تیرەر و سەرکوت و زیندانیکردنی هەسوڕاوان و ئازادیخوان و داکۆکی لە ئازادی لە کوردستان بکەین و بە ئەمەش دەستاتدارن بەرپرسیار بکەین و هێگا نەدەین کەیسی تیرەر لە کوردستان لە بەدەنگیدا بخەوێنن.

داوا لەسەرجەم ئازادیخوازان دەکەین بە هەر هێگەیەك پێتان دەکرێت لە وڵاتەکان بە داکۆکی لە ئازادی خەڵکی کوردستان ئەم یادە بەرز ڕابگرن و بەشداری کاریگەر بە ئەرکی سەر شانی خۆتان بزانن.

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکەن بەم ژمارە تەلەفونانەوە:

07856032991 یان 07402488460